# هۆكارەكانی گەشتی زانستی زانایانی ئەندەلوس بۆ خۆرهەڵاتی ئیسلامی

## لە سەدەكانی(7-8كۆچی/13-14زایینی)

**كەیوان ئازاد ئەنوەر [1] و كامەران عباس أحمد [2]**

[1] بەشی مێژوو، كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.
[2] خوێندكاری ماستەر، بەشی مێژوو، كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە :--** بوونی پەیوەندی لە نێو بەشە جیاجیاكانی كۆمەڵگای ئیسلامی لە سەدەكانی ناوەڕاست بە چەندین شێوە و ڕێگەی جۆراوجۆر بووە، یەكێك لە ڕێگا بەهێزەكانی دروستكردنی پەیوەندی لەو سەردەمەدا پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەكان بوو، كە لە نێو موسڵمان بایەخێكی گەورەی پێدراوە هۆكارێكی گرنگی دروستكردنی تێكەڵاوی كۆمەڵایەتی و زانستی و مەعریفی بوو، بۆیە گەشتی زانستی بلاَوترین شێوازی دروستكردنی پەیوەندی لە سەردەمەدا كە گیرابێتە بەر نەك تەنها لە نێو و فێرخوازاندا، بەڵكو لە نێو تەواوی زانستخوازان و موسڵمانان بە گرنگیەوە لێی ڕوانراوە و ئەنجامداوە، بۆیە لە لایەن مێژوونوسان و ژیاننامەنوسە موسڵمانەكانیشەوە سەرنجی گەورە خراوەتە سەر ژیانی زانایان و ڕێگاكانی بەدەستهێنانی زانست لە ماوە مێژووییەدا.

لەم توێژینەوەدا تیشكمان خستۆتە سەر ماوەیەكی مێژووی دیاری كراو وەك توێژەرێك هۆكارەكانی گەشتی زانستی لە نێوان دوو ناوچەی دیاریكراوی جیهانی ئیسلامی لە سەدەكانی (حەوتەم و هەشتەمی كۆچی/سیازدەهەم و چواردەهەمی زایینی)كەلە ئەندەلوسەوە بۆ خۆرهەڵاتی ئیسلامی لەلایەن زانستخوازانە ئەنجامدراوە، لە چوارچێوە ئەم توێژینەوەدا هۆكار و پاڵنەرەكانی ئەو زانایانەمان ئاماژە پێكردووە كە ئەم گەشتە زانستیانەیان ئەنجامداوە بۆ بەناوبانگترین ناوەندە زانستییەكانی جیهانی ئیسلامی لەو سەردەمەدا.

**كلیلی وشەكان:-** گەشتی زانستی، زانایانی ئەندەلوس، خۆرهەڵاتی ئیسلامی.

### پێشەكی

گەشەی زانستی پەیوەندیەكی زانستی و مەعریفی بەهێزی دروست كردبوو لە نێو موسڵمانان لە سەرجەم ناوچەكانی كۆمەڵگای ئیسلامیدا، ئەمەش ڕۆڵێكی ئەرێنی و گەورەی هەبوو لە گەشەكردنی هزر و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی ئیسلام، بۆیە ناكۆكییە سیاسیەكان كاریگەری وەهای دروست نەكردبوو لە سەر لایەنی هزری و زانستی بەهۆی گەشتی زانستییەوە، بەڵكو ئەم پەیوەندیە جیاوازیەكانی گۆڕیبوو بۆ دووبارە پەیوەستبوونەوەی ڕۆشنبیری نێوان نەتەوە موسڵمانەكان لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا.

یەكێك لەو ڕێگا كاریگەرانەش ڕۆڵی لە ئاڵوگۆڕی زانست و زانیاری هەبوو ئەنجامدانی گەشت بوو، كە باوترین جۆری پەیوەندی بووە زانستخوازان ئەنجامیان داوە، بە ئامانجی بە دەستهێنانی زانست لە ناوەندە گرنگە زانستیەكان جیهانی ئیسلامی، لە بەرئەوەی سروشتی بوو كە ئەمە لە نێوان سەرجەم بەشەكانی كۆمەڵگای ئیسلامی ئەو پەیوەندیە دروست بێت، یەكێك لەو ناوچانەش (ئەندەلوس) بوو، كە سەرەڕای دوریە جوگرافییەكەی و سەربەخۆیە سیاسیەكەی، پەیوەندی ڕۆشنبیری لەگەڵ خۆرهەڵاتی ئیسلامی بەردەوام بووە و نەپچڕاوە، كە هەر لە سەرەتاوە وەك سەرچاوەیەكی گرنگی هزری و زانستی بوو بۆ ئەندەلوسییەكان، بەردەوام بۆ ئەركە ئاینیەكانیان گەشتیان كردووە بۆ ئەو ناوەندانەی لە ڕووی ئاینی و زانستیەوە گرنگ بوون، بۆیە كاریگەری ئەم پەیوەندیە ڕەنگدانەوەی هەبوو لە نیمچەی دورگەی ئیبیریا، كە لە ڕووی زانست و ڕوشنبیریەوە گەشەسەندوو تربوو بەراورد بە ناوچەكانی دیكەی ئەوروپا، گەشتی ئەندەلوسیەكان لە سەرەتای پرۆسەی چوونە ناوەی موسڵمانان بۆ(ئەندەلوس) دەست پێ كرد، بەردەوامیشی هەبوو تا كەوتنی شانشینی غەرناتە، وەك چۆن ڕووگەی ئاینییان بوو ئاواش ڕووگەی زانستییان بوو، لێكۆڵینەوەكە پێكهاتووە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 7، العدد 4(2021) ؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v7n4y2021.pp43-54
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 17 حزيران 2021؛ قُبل في 26 تموز 2021؛ نُشرت في 9 تشرين الثاني 2021؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: kaiwan.anwer@univsul.edu.iq , karwanabas99@gmail.com
حقوق الطبع والنشر ©2021 كەیوان ئازاد ئەنوەر، كامەران عباس أحمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

له پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی(عەرەبی و ئینگلیزی)لەگەڵ سێ باسدا، باسی یەکەم هۆکارە ئاینییەکانی پشت گەشتەکانمان کردووە ئاماژە پێکردووە لە ئەرکی حەج و سۆفیگەری و ڕێبازە فیقهیەکاندا، لە باسی دووەم هۆکاری زانستییان ڕوونکردووەتەوە لە بەدەستهێنان و مۆڵەتی زانستی، باسی سێهەم هۆکاری ڕامیارییە کە چ لە ئەندەلوس چ لە خۆرهەلاّت کاریگەری کردووە، لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێك ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە ئاماژەی بۆ کراوە لەگەڵ لیستی سەرچاوە سودلێ وەرگیراوەکان.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشان:**

لایەنی ڕامیاری و ڕووداوە گرنگەکانی پەیوەست بە فەرمانڕەوا و کەسایەتیە سیاسییەکان زیاتر گرنگی پێدراوە، تەنانەت ژیانی ڕۆشنبیری و زانستی کە لایەنێکی گرنگی پێشکەوتنی کۆمەڵگا شارستانییەکان بوو، گرنگی پێدراوە، بەلاّم یەکێك لەو لایەنە گرنگانە پشت گەشەی زانستی ئەنجامدانی گەشت بوو بۆ بەدەستهێنانی زانست، ئەم لایەنە بایەخدارە لە لایەن توێژەرانی نوێوە کەمترین گرنگی پێدراوە، بەتایبەتی بە زمانی کوردی توێژینەوە لەسەرنەکراوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

بەهۆی سروشتی بابەتەکەوە ڕێبازی (مێژوویی-شیکاری)مان بە شیاو زانیوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

کارێکی زانستی بابەتیە سەبارەت بە لایەنێکی مێژوویی کە(پەیوەندیە زانستی و مەعریفیەکانە)، کە لەم لایەنەوە کارێکی گرنگە کەم قسە لەسەرکراوە، ئەمەش لەو ڕووەوە کە دەتوانرێت بە دەرخستنی شرۆڤەکاریی لایەنێکی شاراوەو دەستلێنەدراوی مێژوو و شارستانێتی ئیسلامی ئەژمار بکرێت.

## هۆکار و پاڵنەرەکانی گەشتی زانستی ئەندەلوسیەکان بۆ خۆرهەلاّتی ئیسلامی

### باسی یەکەم :هۆکار و پاڵنەری ئاینی

گەشتی زانستی زانایانی ئەندەلوس چەندین و هۆکار و پاڵنەری لە پشت بووە بە ئاستێك هانی ئەو زانایانەی داوە گەشت بۆ ناوچەکانی خۆرهەلاّتی ئیسلامی ئەنجام بدەن و هەموو ناڕەحەتی و ئازار و قورسیەکانی ئەو ڕێگا سەخت و دوور و درێژە ساردیان نەکاتەوە لە گرتنە بەری ئامانجەکانیان. بێ گومان یەکێك لەو هۆکارانەش ڕۆڵی کاریگەر و قوڵی بینی لایەنی ئاینی بوو، کە پشکی شێری بەرکەوت لە هاندانی ئەو زانایانە بۆئەنجامدانی گەشت بۆ خۆرهەلاّتی ئیسلامی **(أفرخاس نادية محمد صديق، بلاسنة، صفحة 12)** . ئەم هۆکارانەش:

**تەوەری یەکەم : ئەرکی حەج**

حەج بۆنە و پایەیەکی گەورەی موسڵمانانە و یەکێکە لە (پێنج)پایە و ئەرکە سەرەکییەکانی ئاینی ئیسلام خوداوەند لە سەر موسڵمانانی فەرزکردووە، تا ئەنجامی بدەن بە تایبەت بۆ ئەوانەی کە توانایان هەیە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە :{ **وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا** } **(ال عمران، صفحة الآية97)**، واتاکەی: (حەجکردنی ماڵی خودا واجبە لەسەر خەڵك ئەوەی توانای هەیە ئەتوانێ بیگاتێ، سەردانی بکات) **(محمد امين، 1999، صفحة 62)**،هەروەها وەلاّمدانەوەی بانگەوازی خودایە وەك لە ئایەتێکی تردا هاتووە :{ **وَأَذِّنْ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ**} **(الحج، صفحة الآية27)**، واتاکەی :(جاڕبدە بە ناو خەڵکدا بێن بۆ حەجکردن ئەوانیش دێن بۆ لات بە پیادە و بە سەر پشتی هەموو وشترێکی لاوازەوە و لە هەموو ڕێگایەکی دورەوە) **(محمد امين، 1999، صفحة 335)**.

ئەویش سەردانکردنی ماڵی خودایە لە شاری (مەککە) وبەجێهێنانی(تەواف) سوڕانەوە بە دەوری (کەعبە) و هەموو ئەو کردە و پەرستشانەی تری کە بۆ ئەو مەراسیم و ڕێوڕەسمە ئاینییانەیە پەیوەست کراوە **( السنيدي ، 2005، صفحة 3)**.

دیارە بە بۆنەی حەجەوە موسڵمانان لە سەرجەم ناوچەکانی جیهانی ئیسلامییەوە بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکە ئاینییە ڕوویان لە شاری (مەککە)کردووە، بۆیە بەشێکی زۆری موسڵمانانی(ئەندەلوس) ڕوویان لە(حیجاز)کردووە لەکاتی وەرزی حەجدا و لە شارەکانی (مەککە و مەدینە) ماونەتەوە **(قاسم، 2017-2018، صفحة 24)**، سەردانی شوێنە پیرۆزەکان و گۆڕی پەیامبەر(د.خ) و یارانی لە شاری (مەدینە) کردووە، لەگەڵ سەردانی شاری(قودس) وەك (یەکەم) ڕووگە و(سێهەم) شوێنی پیرۆزی موسڵمانان لەو شوێنانەبوون ئەندەلوسیەکان تامەزرۆی بینین و سەردانی کردنی بوون **(عباس د.، 1997، صفحة 240)**، هەروەها سەردانی ناوەندە زانستیەکانی شارەکانی(بەغداد، دیمەشق، قاهیرە) و شارەکانی تر **( المزروع، 2005، صفحة 68)**.

هەر بۆیە زانایان لە هەموو جیهانی ئیسلامیەوە لە نێویشیاندا زاناکانی(ئەندەلوس) ئەو ئەرکەیان کردبوو بە دەرفەتێك بۆ سەردانی زانا و شێخە ئاینی و ناوەندە زانستییەکان و گوێ گرتن لێ یان، لەو سەردانانەش چاویان بە زاناکانی ناوەندە زانستییەکانی ئەو ناوچانە کەوتووە، لەو کۆڕە زانستییانە بەشداریان کردووە و وەك سەرچاوەی ڕەسەن و بنچینەیی ئاینی ئیسلام زانستیان لێ وەرگرتوون، ئەمەش وایکردبوو هەندێکیان لە خۆرهەلاّتی ئیسلامی ئارەزووی مانەوە بکەن، بۆ چەند ساڵ بمێننەوە خزمەتێکی گەورە بەزانستی ئەو ناوچانە بکەن **( ذنون طه، 2005، صفحة15)**.

بۆنەی حەج لە بەهێزترین هۆکار و پاڵنەرە هاندەرەکانی گەشتی زانا ئەندەلوسیەکان بوو بۆ خۆرهەلاّت، لە گرنگترین هۆکاری پەیوەندی بووە بۆ بەهێزکردنی یەکێتی کلتوری و ڕۆشنبیری موسڵمانان لە جیهانی ئیسلامدا، بۆیە ئەو ڕووبەرە فراوانە کە نێوان (ئەندەلوس) و (حیجاز)دا هەبوو، سەرەڕایی ئاستەنگەکانی ڕێگا نەبۆتە هۆی ئەوەی ئەم زانایانە دڕدۆنگ بن لە ئەنجامدانی گەشتەکەیان بۆ ناوچە پیرۆزەکانی خۆرهەلاّت **(قاسم، 2017-2018، صفحة 24)**، ئەمەو لە کاتی گەشتنیان بۆ ئەوێ هەستیان بە خۆشی و ئاسودەیی کردووە، ئەمەش بە ڕوونی لە دەربڕین و نوسینەکانیان دەرکەوتووە وەك چۆن(ابن جبير) لە گەشتەکەیدا کاتێك سەردانی شاری (مەدینە)کردووە **(ابن الأبار، 1995، الصفحات 109-110)**، هەستی خۆشی و شادی دەربڕیووە نوسیویەتی:( ئەی پەیامبەری ڕێنوێنیکار بۆ خزمەتت سەرجەم دەریا و بیابانم بڕیوە، هاوکات منەتیشی تێدا نیە لەو پێناوەدا ماڵ و منداڵمان جێهێشتووە، بۆ هەندێ قسە و گوفتار پۆزشت دێنینەوە) **(ابن الخطيب، الإحاطة في أخبار الغرناطة، 2003، صفحة 150/2)**. ئەمە نیشانی دەدات مەبەستی سەرەکی (ابن جبير) لە گەشتی یەکەمیدا بۆ خۆرهەلاّت بۆ ئەنجامدانی ئەرکی حەج بووە کە چەند جارێك ئەنجامی داوە (الشوابكە، 2008، صفحە 28)، هەروەها ژمارەیەك لەو ئەندەلوسیانەی سەردانی شاری(مەککە)و (حیجاز)یان کردووە تێیدا ماونەتەوە، لەوانەش(محى الدين ابن العربى/638ك /1240ز)

کە بۆ ماوەیی (پێنج) ساڵ لە شاری (مەککە و مەدینە)ماوەتەوە سۆفییەکی دیار بووە **(ابن الأبار، 1995، الصفحات 145/2-146؛ المراكشي، الذيل و التكملة لكتاب الموصل و الصلة، 2012، الصفحات 539/4-543)** ، یان زانای دیکە زیاتریش ماوەتەوە وەك (محمد بن عبدالله بن محمد المرسى السلمى/655ك/1257ز)کە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی حەج هاتووە و فەرموودەناس بووە **(أبي شامة، 2002، صفحة 300)**، بەلآم (على بن محمد بن محمد بن ابراهيم الأشبيلى الحصار/611/1214ز) بۆ ئەنجامدانی حەج گەشتی کردووە بۆ ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە فەقیهێکی دیار بووە لە شاری (مەدینە) کۆچی دوایی کردووە. **(الذهبي، تاريخ الإسلام ووفيات و المشاهر و الأعلام، 2003، صفحة 319/13)**.

**تەوەری دووەم : سۆفیگەری**

سۆفیگەری ئەو ڕێبازە ئاینییە بوو کە لە کۆتایی سەدەی(دووەمی کۆچی/هەشتی زایینی) لە ناو موسڵمانان سەری هەڵدا، ڕێبازەکەش بریتی بوو لەو ئەزموونە کەسییەی کە بە ڕۆحی هەموو ئەو مرۆڤانەدا تێدەپەڕێ کە بە خوداپەرستی و پشتکردن لە دونیا و خۆشیەکانی ژیان و گرنگیدان بە ئاین و ئامانجەکانی لە پێناو ڕەزامەندی خودا کاری دەکرد، دیارە جیهانی دڵ و گیان و خوداپەرستی کرۆکی سۆفیگەری بوو **(ابن خلدون، المقدمة، 2001، صفحة 611)**، بەلآم لە سەدەکانی دواتردا گۆڕانکاری بە سەرداهات و وەك بۆ بزوتنەوەیەکی کۆمەلآیەتی دەرکەوت، تا ڕێبازێکی ئاینی ڕووت، لەم بوارەدا سۆفییەکان مزگەوت وخانەقا و دامەزراوە ئاینییەکانیان بۆ بلآوکردنەوەی بانگەوازەکەیان بەکارهێناوە **( سي عبدالقادر، 2016، صفحة 166)**.

سۆفیگەری لە ڕێگەی کۆچەرە خۆرهەلآتییەکان و حاجی و گەشتیارە ئەندەلوسیەکانەوە بۆ (ئەندەلوس)گوازرایەوە، دوایی شارەزابونیان لە بزوتنەوەی سۆفیگەری، هەندێ لە دانراوەکانی ئەم ڕێبازەیان گواستەوە، کە لە سەدەی(حەوتی کۆچی/سیازدەی زاینی) گەیشتە (ئەندەلوس) و بلآوبوویەوە **( كثورة، 1980، الصفحات 65-74)**، بەلآم بە شێوەیەکی فراوان سۆفیگەری وەك بزوتنەوە ئاینی پاش لاوازبوونی(دەوڵەتی موەحدیین)و سەرهەڵدانی دەوڵەتی(بەنی نەصر)بە شێوەیەکی فراوانتر بلآوبوویەوە، ئەوەش پاش زیادبوونی پەیڕەوانی کە سۆفییەکانیان پێدەوترا، دیارە ئەوەش پاش ئەوەی هەندێ لە فەرمانڕەواکان هەوڵی نزیبوونەوە و پشگیریکردن دان ئەمەش دەرفەتێك بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان **( سي عبدالقادر، 2016، صفحة 166)**.

لێرەوە بەشێکی ئەندەلوسییەکان بە گشتی و سۆفیەکان بە تایبەتی هەوڵیاندا سەردانی ناوچەکانی خۆرهەلآت بکەن، بە هۆیی بوونی دەیان ناوەند و خانەقا و مەزارگەی شێخەکانی تەسەوف تێیدا بمێننەوە، بە تایبەتی لە (میسر) کە ڕێبازە سەرەکیەکانی سۆفیگەری تێدا بلآوبوویەوە ئەوەش هانی ئەندەلوسیەکانی دا گەشتی بۆ بکەن، کە دیارترین ئەو ڕێبازانەش لە (میسر)هەبوون ئەمانە بوون :

أ)ڕێبازی قادری: ئەم ڕێبازە بۆ(عبدالقادرالجيلانى) دەگەڕێتەوە، سەرەتا لە (بەغداد) و دواتریش بە ناوچەکانی کۆمەڵگای ئیسلامیدا بلآوبوویەوە **(ابن الأثير، 1987، صفحة 121/11)**.

ب) ڕێبازی ڕوفاعی: ئەم ڕێبازە بۆ شێخ (أحمد الرفاعى) دەگەڕێتەوە لە (بەغداد) دەرکەوت، کە دوای سەردانی(میسر) و ڕێبازەکەی بلآوبویەوە ئەوەش سەردەمی مەمالیکدا (الشعراني، 2005، الصفحات 250/1-257) .

ج)ڕێبازی بەدەوی : ئەم ڕێبازەش بۆ(السيد أحمد البدوى) لە (مەغریب) دەگەڕێتەوە ، پاش چوونی بۆ (میسر) ڕێبازەکەی بلآوبۆتەوە ( ابن تغري بردي، بلا سنة، صفحة 252/7؛ الزركلي، 2002، صفحة 175/1).

د)ڕێبازی شازلی: بۆشێخ( أبي الحسن الشازلى) دەگەڕێتەوە کە لە (مەغریب)ە، بەلآم بەهۆی ئەوەی لە شاری (ئەسکەندەریە)ی (میسر) نیشتەجێ بووە ڕێبازەکەی تێدا بلآوبۆتەوە ( الزركلي، 2002، صفحة 305/4)،ئەم ڕێبازە لەناو ئەندەلوسیەکان لایەنگرێکی زۆری بۆ پەیدابوو و گرنگی پێدرا، لێرەوەش بلآوبوونەوەی سۆفیگەری لە (میسر) و بوونی گەورە شێخەکانی سۆفی تێیدا وایکرد بەشێکی زۆری ئەندەلوسیەکان وە بە تایبەتی سۆفیەکان حەزیان بە سەردانی کردووە تیایدا نیشتەجێ بوون ( عاشور، 1996، صفحة 340).

لە بەناوبانگترین ئەو زانایانەشی بە مەبەستی سۆفیگەری سەردانی خۆرهەلآتیان کردووە(محى الدين ابن عربى/638ك/1240ز) بوو **(بلاثيوس، بلا سنة، صفحة 5)**، کە مەبەستی سەرەکی سەردانەکەی بۆخۆرهەلآتی ئیسلامی، بە تایبەتی سەردانی بۆ شاری(قودس) بۆ لێکۆڵینەوە بوو لە سەر پیاوانی سۆفی، کە ژیانی خۆیان بۆ عیرفان و تەسەوف تەرخانکرد **(بلاثيوس، بلا سنة، الصفحات 62-69؛ الشوابكة، 2008، صفحة 32)**، وەك چۆن خۆی ڕونی کردۆتەوە گەشت و گەڕانی سۆفییەکان لە پێناو دۆزینەوەی هێز و دەسەلآتی خودا بوو، ژیری دەرکی پێناکات ئەوەش عیرفانی ئیلاهیە، ئەو پێی وابوو گەشتیاران دوو گروپ بوون، گروپێکیان ئەوانەن بە هزرو عەقڵیان گەشتیان کردووە لە پێناو دۆزینەوەی ڕاستی هەوڵیاندا، بەشێکی کەشیان بە دڵ گەشتیان کرد، بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و بوونی خودا کە سۆفی و پیاوچاکەکان بوون، هاوشێوەی ئێردراوانی خودا بەرەو عیرفانی خودا گەشتیان کرد **(إبن عربي، 1948، صفحة 7/2)**)، بۆیە(ابن العربى)لە گەشتەکەیدا توانی هەنگاوی گەورە بنێت لە ناساندنی سۆفیگەری و لایەنێکی فراوان لە ژیانی ئاینی و مەعریفی لە خۆرهەلآتی ئیسلامیدا ببینێت **(الشوابكة، 2008، صفحة 33)**.

لە لایەکی دیکەوە چەندین زانای تری ئەندەلوسی گەشتیان کردووە بۆ خۆرهەلآتی ئیسلامی کە ڕۆڵی گەورەیان گێڕا لە بواری تەسەوف لە خۆرهەلآت، لەوانەش (على بن أحمد بن حديده الأندلسى) کە یەکێك بووە لە سۆفیەکان و دوای وەرگرتنی تەسەوف لە (ئەندەلوس) گەشتی خۆرهەلآتی ئیسلامی کردووە، تێیدا ماوەتەوە تا ئەوکاتەی لە ساڵی(719ك/1319ز)لە شاری(قودس)کۆچی دوایی کرد **(العسقلاني، 1972، صفحة 13/4)**، (أبو العباس المرسى(686ك/1288ز) خوێنکاری(أبي الحسن شازلى) یەکێکی تر بوو لە سۆفیە بەناوبانگەکانی (ئەندەلوس) لە ولآتی (میسر) **(العسقلاني، 1972، صفحة 273/1)**، لەگەڵ (ابن سبعين/669/1269ز) کە خەڵکی (مەرسیە)بووە، لە سۆفیە بەناوبانگەکانی ئەندەلوس بوو لە خۆرهەلآتی ئیسلامی ( ابن تغري بردي، بلا سنة، الصفحات 232/7-233؛ المقري، 1968، صفحة 198/2)، هەروەها(أبو الحسن الششتيرى/668ك/1269ز) هاوسەردەمیان بووە سۆفیەکی دیکە بوو **(المقرى، 1968، صفحه 185/2)**، دیارە ئەوان و چەندان سۆفی تر ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە لە بواری سۆفیگەریدا و هۆکارێکی بەهێزبوون لە نزیکبوونەوە و پتەوبوونی پەیوەندی مەعریفی و سۆفیگەری لە نێوان و ئەندەلوس و خۆرهەلآتی ئیسلامدا **( سي عبدالقادر، 2016، صفحة 168)**)، بە جۆرێك کاریگەری لە سەر فەرمانڕەواکانیش هەبووە تا ڕێزیان بگرن و گرنگی بە دروستکردنی خانەقا و شوێنی خەڵوەتگا تایبەت بە سۆفیەکان بدەن. وەك ئەوەیی(سوڵتان قلآوون) کردی لە دروستکردنی خانەقای (سریاقوس)دا تەنانەت مزگەوت و گەرماویشی بۆ دروست کرد، کە شوێنی زیاتر(سەد) سۆفی تێیدا

دەبوویەوە بۆ خەڵوەتکردن، ئەمە لە ئەندەلوسیش کاریگەری لە سەر فەرمانڕەواکان هەبوو، بەوەی کاتێك (سوڵتان محمدی یەکەم) داوای لە سۆفی(ابن مروان الیاجنسی) کرد لە (وادی آش) تا هاوکاری بکات لە ڕووبەڕووبونەوەی خاچیەکاندا **(الطوخي، 1997، صفحة 344؛ سي عبدالقادر، 2016، الصفحات 167-168)**، بەم هۆیانەش ڕوون دەبێتەوە کە تەسەوف کاریگەری هەبوو لە سەر بەهێزبوونی پەیوەندی ڕۆحی و ئاینی لە نێوان خۆرهەڵاتی ئیسلامی و ئەندەلوس بە شێوەیەکی فراوان یەکێك بووە لە پاڵنەرەوە ئاینیە کاریگەرەکان لە گەشتی زانایانی ئەندەلوس بۆ خۆرهەڵاتی ئیسلامی .

### تەوەری سێهەم :دەرکەوتنی ڕێبازە فیقهییەکان لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی

سەرچاوە سەرەکیەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە سەرەتاوە قورئانی پیرۆز و سوننە بوو، لە سەر ئەم دوو بنەمایە ئاینی ئیسلام یاسا سەرەکیەکانی داڕێژراو بوون، کرابوونە بنەمای یاسا سەرەکیەکانی شەریعەت و دەوڵەت، بەڵام دوای فراوانبوونی سنوری خیلافەتی ئیسلامی بەهۆی پرۆسەی فتوحاتەوە لە(سەمەرقەند)ەوە بۆ(ئەندەلوس)چەندین بابەتی تازە هێنا بوویە پێشەوە بۆ موسڵمانان، کە چارەسەری خێرای لە قورئان و سوننەدا باس نەکرا بوو، بۆیە پێویستی بە وەرگرتنی بیروبۆچوونی زانا و فوقەهای ئیسلام هەبوو، ئەویش لە ڕێگەی پێوانەی شەرعی و کۆدەنگی زانایان بە پێی قورئان و سوننە **(قاسم، 2017-2018، صفحة 49)** ، لێرەوە جیاوازی لە بیروبۆچوونە فیقهیەکاندا سەری هەڵدا، کە ئەمەش ئاسایی بوو لەسەریان بە مەرجێك لادانی تێدا نەبێت، ئەم جیاوازیانە بوو بە هۆکاری دەرکەوتنی فێرگە فیقهیەکان لە جیهانی ئیسلامیدا.

لە (ئەندەلوس) فێرگە فیقهییەکان لە ژێر کاریگەری خۆرهەڵاتی ئیسلامی سەریان هەڵدا، هەرچەند ئاینی ئیسلام تێیدا بەراورد بە ناوچەکانی تر تازە بوو، بۆیە بیروبۆچوون و بابەتە فیقهییەکانیش تازە و جیاواز بوو، لە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکاریە ئاینزاییانەدا بوو لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی سەری هەڵدا، بە ئاستێك زۆرینەی ئەو فێرگەئاینییانەی لە (ئەندەلوس) دەرکەوتن لە خۆرهەڵات سەریان هەڵدا بوو، سەرەتا یەکەم فێرگەی فیقهی کە دەرکەوت ڕێبازی(الأوزاعی) بوو لە ساڵی (157ك/774ز) ، بەڵام بەردەوامی زۆرنەبوو، دواتر ڕێبازی(مالیکی)لایی ئەندەلوسییەکان برەوی پەیدا کرد بوو بە ئاینزای یەکەمی خەڵك، هەرچەند دواتر (شافعی) و (الظاهری) لە (ئەندەلوس)دەرکەوتن، بەڵام هیچ یەکێك لەو ڕێبازانە وەك(مالیکی)لە لایەن موسڵمانی(ئەندەلوس)ەوە گرنگی پێ نەدرا، لە سەردەمی(الحکم بن هشام بن عبدالرحمن داخل/180-206ك /796-821ز)بوو بە ڕێبازی فەرمی دەوڵەتی ئومەوی لە ئەندەلوس **(المقري، 1968، صفحة 60/4؛ سي عبدالقادر، 2016، الصفحات 163-164؛ قاسم، 2017-2018، صفحة 54)**.

ڕێبازی(مالیکی) بۆ (مالیك بن أنس/179ك/795ز) دەگەڕێتەوە **(الشعراني، 2005، الصفحات 98/1-99)**، کاریگەری گەورەی لە سەر (ئەندەلوس) و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ خۆرهەڵاتی ئیسلامی هەبوو، ئەم پەیوەندییەش سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی ڕێبازەکە لە(ئەندەلوس)، چەندین بۆچوون هەبوو لە سەر دەرکەوتنی ئەم ڕێبازە لە (ئەندەلوس)، (أنخیل بالنثیا) پێی وابوو سەرەتای دەرکەوتنی(مالیکی)لە ئەندەلوس ناڕوونە ودیار نیە **( بالنثيا، 1955، صفحة 417)**، بەڵام بۆچوونێکی تر سەرەتای دەرکەوتنی دەگەڕێنێتەوە بۆ (یحی بن یحی اللیثی/234ك/848ز)، دوایی ئەوەی سەردانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی کردووە و چۆتە شاری(مەدینە) سەردانی(مالیك بن أنس)کرد و ڕێبازەکەی لێ وەرگرتووە گەڕاوەتەوە، یەکەم کەسایەتی بوو کە ڕێبازی (مالیکی) گەیاندۆتە (ئەندەلوس). (ابن الفرچی، 1989، الصفحات 898/2 **(ابن الفرضي، 1989، الصفحات 898/2-900)**900)، بەڵام بۆچوونێکی دیکە پێی وابوو لە ڕێگەی (زیاد بن عبدالرحمن) ناسراو بە (شبطون) گوازرایەوە بۆ (ئەندەلوس)، چونکە یەکەم کەس بوو(الموطأ)ی (مالك بن أنس) بردۆتە ئەو ولاَتە و بلاَوی کردۆتەوە **(الحميدي، 2008، صفحة 314)**.

ئەمەش بوو بە سەرەتایەکی باش و ژمارەیەکی زۆری زانا و فێرخوازی ئەندەلوسی ڕوویان لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی کردووە، بە تایبەتی(حیجاز) و شاری (مەدینە) بۆ وەرگرتنی زانستی ڕێبازەکە و وەرگرتنی مۆڵەتی زانستی لە زانایانی(مالیکی)، ئەمەش بەردەوام بوو لە سەدەی(حەوتەم و هەشتەمی کۆچی/سیازدەیەم و چواردەیەمی زاینی)شدا، چەندین زانا و فێرخوازی (مالیکی) ڕوویان لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی کردووە بە مەبەستی وەرگرتنی زانست فیقهی لە زانایانی(مالیکی)، هەروەها وەرگرتنی مۆڵەتی زانستی وایکردبوو ژمارەیەکی زۆریان ڕوو لە خۆرهەڵات بکە لێی بمێننەوە، تەنانەت هەندێکیان بوون بە گەورە زانای(مالیکی)لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی قازی و موفتی ڕێبازەکە لەو شوێنانەی ماونەتەوە **(قاسم، 2017-2018، صفحة 62)**. لەو زانا ئەندەلوسیانەی ڕوویان لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی کرد (محمد بن عمر بن یوسف الامام عبدالله الانصاری القرطبی/631ك/1233ز) یەکێکە بوو لە فەقیهەکانی (مالیکی) و سەردانی شارەکانی(مەککە و مەدینە)ی بۆ وەرگرتنی زانستی ڕێبازەکە کرد **(السيوطي، 1965، صفحة 201/1)** ، هەروەها یەکێکی تر لە زانا ئەندەلوسیەکان(جمال الدین ابوبکر الوائلی البکری الاندلسی الشریشی/685ك/1287ز) کە سەردانی (شام و عێراق و میسر)ی کردووە بۆ وەرگتنی زانستی شەرعی ڕێبازی مالیکی **(السيوطي، 1965، الصفحات 44/1-45)** ، تەنانەت هەندێکیان لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی بوون بە قازی و مفتی ڕێبازەکە، وەك(عبدالله بن الهانیء اللخمی الغرناطی/771ك/1369ز) کە سەردانی (میسر و شام)ی کردووە، کە ئەوەندە لە (شام) ماوەتەوە تا بووە بە قازی و موفتی(مالیکی) لە شارەکانی(دیمەشق و حەما) و لە ساڵی (767ك/1365ز) بوو بە قازی وناوچەکانی (شام) **(العسقلاني، 1972، صفحة 453/1؛ السيوطي، 1965، صفحة 456/1)**، ئەمە چەندین زانای تری ئەندەلوس بۆ شارەزابوونی زیاتر لە ڕێبازی(مالیکی) سەردانی خۆرهەڵاتی ئیسلامیان کردووە بۆ ئەوەی خۆیان ڕاستەوخۆ شارەزایی ڕێبازەکە بن ئەو زانستە لە زاناکانی وەربگرن.

هەرچەند (مالیکی) ڕێبازی سەرەکی خەڵکی (ئەندەلوس) بوو، بەڵام (شافعی)ش یەکێکی دیکە بوو لەو ڕێبازانەی بلاَوبوویەوە و ژمارەیەك پەیڕەوکاری هەبووە، بەشێکی ئەو زانایانەی گەشتی خۆرهەڵاتیان کردووە لە ڕێگەیاندا سەردانی فێرگەکانی (شافعی)یان کردووە، لە (میسر و شام) ماونەتەوە و زانست و مۆڵەتی زانستیان وەرگرتووە، هەندێکیشیان لەو فێرگانەدا ماونەتەوە بوون بە زانا و مامۆستای گەورەی ڕێبازەکە، یەکێك لەو زانایانەش (شهاب الدین ابوالعباس اللخمی الاشبیلی الشافعی/699ك/1299ز) دوای ئەوەی لە دەستی(فەرەنج و خاچیەکان)ڕزگاری بوو بە مەبەستی حەجکردن سەردانی خۆرهەڵاتی کردووە، پاشان چووە (شام و میسر)، یەکێکە بووە لە پێشەوا دیارەکانی (شافعی) لە زانستی فەرموودەشدا ناوبانگی هەبووە **(الذهبي، تذكرة الحفاظ، بلا سنة، صفحة 1486/4)**، هەروەها (أبو جعفر القرطبی الفنکی الشافعی/597ك/1200ز)یەکێکی تر بوو لە زانا ئەندەلوسیەکانی تر، کە هاتۆتە خۆرهەڵاتی ئیسلامی دوایی ڕێوڕەسمی حەج گەشتی بۆ (دیمشق و موسڵ)کرد، زانستی لە زاناکانی وەرگرتووە لەوێش مایەوە تا لە وڵاتی (شام) کۆچی دوایی کرد **(الصدفي، 2000، صفحة 205/7)**.

## باسی دووەم : هۆکاری زانستی

زانستخوازی یەکێك بوو لە خەسڵەت و خولیایانەی مرۆڤ کە بەردەوام هەوڵی بۆ داوە، لەم بوارەدا ئایینی ئیتسلام گرنگی باشی بەم لایەنە داوە و بانگەشەی بۆ کردووە، هەروەها موسڵمانانی هانداوە فێربوونی زانست و گرنگی دان بە بلاَوکردنەوەی زانست وەك ئەرکێکی ئاینی سەیر بکەن و تەنانەت پاداشتی گەورەی بۆ داناون، بەسەرچاوەی ڕێنوێنی بۆ سەر ڕێگای ڕاست دەستنیشانی کردووە **( القرضاوي، 1985، صفحة 3)**.

ئەمە و جگە لەوەی ئیسلام شوێن و پێگەی زانست و زانایانی بەرز نرخاندووە بە گرنگییەوە باسی کردوون، بۆیە لە قورئان و فەرموودەشدا پێداگری زۆرکراوە لە سەر فێربوونی زانست و بلاَوکردنەوەی و بەڕێگایی گەشتن بە خودا دانراوە، بە جۆرێك وشەی دانایی (الحكيم) کە ئاماژەیە بۆ زانست(هەشتا) جار لە قورئاندا هاتووە **(عبدالباقي ، 1954، الصفحات 469-481)**، ئەمە جگە لەوە کە یەکەم ئایەتی قورئان کە دابەزیووە بە وشەی بخوێنە(اقرا)دەست پێ کردووە وەك دەفەرمێ:{ **اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ**} **(العلق، صفحة الآية)** واتاکەی:(بخوێنە بە ناوی خودایی دروستکەرەوە) **(محمد امين، 1999، صفحة 597)**، تێیدا فەرمان بە پەیامبەر کراوە بخوێنێتەوە و فێربێت، چونکە کلیلی مەعریفە و داناییە، هەروەها پەیامبەر(د.خ) لە چەندین شوێندا ئاماژەی بە گرنگی زانست کردووە، وەك فەرموویەتی: {من سلك طريقا يطلب فيه علما سهل الله به طريقا الى الجنة} واتای فەرموودەکەش: (هەرکەسێك ڕێگەی بە دەستهێنانی زانست بگرێتە بەر ئەوا خوداوەند ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات.  تا کۆتایی فەرموودەکە ....) **(مسلم، بلا سنة، صفحة 2074/4؛ ابن ماجة، بلا سنة، الصفحات 145/1-146)**، یان زانست وەك ئەرکێکی ئایینی بووە  فەرموویەتی:{طلب العلم فريضة على كل مسلم ومسلمة } واتای فەرموودەکەش :( بەدەستهێنانی زانست فەرزە و ئەرکە لە سەر هەموو موسڵمانێك) **(ابن ماجة، بلا سنة، صفحة 146/1)**، لەم ئایەت و فەرموودانەوە ڕووندەبێتەوە کە تا چەند ئایینی ئیسلام گرنگی داوە بە زانست و فێربوونی مەعریفە و هانی موسڵمانانی داوە بەردەوام بەدوای زانستدا بگەڕێن، یەکێك لەو ڕێگایەنەش بۆ بەدەست هێنانی زانست بەکارهێنراوە گەشتی زانستی بووە، بە پێویستی و گرنگی ژیانی زانستی دانراوە، لەم بوارەدا(ابن خلدون) ئاماژەی بەوە کردووە و نوسیویەتی :(ئەنجام دانی گەشت لە پێناو زانست و دیداری زانا و شێخەکان بۆ بە دەستهێنانی زانست، بە مەرجی سەرەکی زانست و فێربوون دانراوە) **(ابن خلدون، المقدمة، 2001، صفحة 541)**، لێرەوەش بەدەستهێنانی زانستیش لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بوو بە هۆکار و ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ بلاَوبوونەوەی زیاتری مەعریفەی زانستی لە نێو گەلانی موسڵماندا ، ، بۆیە لە دوایی گەیشتنی ئیسلام بە (ئەندەلوس) ئیتر ناوچەکانی خۆرهەلاَتی ئیسلامی بوو بە سەرچاوەی وەرگرتنی زانست و ناوەندی سەرەکی زانستی شەرعی بۆیان، بە دوو مەبەستی سەرەکی ئەندەلوسیەکان گەشتیان بە هۆکار و پاڵنەری زانستی ئەنجام داوە بۆ خۆرهەلاَتی ئیسلامی کە لە دوو تەوەردا ئاماژەیی پێ دەکەین .

### تەوەری یەکەم : بەدەست هێنانی زانست

خواستی زانست هانی مرۆڤی داوە بەردەوام سەرکەشی بکات و گەشتکردن  بکاتە هۆکاری بە دەستهێنانی ئەو خواستە، دیارە گەشت بۆ بە دەستهێنانی زانستیش یەکێك بووە لەو لایەنانەی کە پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکانی نێو جیهانی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاست پەرەپێداوە و بەهێزی کردووە، لەم ڕوانگەیەوە هەمیشە زانایان و فێرخوازانی زانست هەموو ڕێگەیەکیان گرتۆتە بەر بۆ وەرگرتن و زیادکردنی زانست و ناڕەحەتی و ئاستەنگەکانیان لە پێناویدا وەلا ناوە، بۆیە گەشت لە پێناوی زانستدا لەو کارانە بووە، کە لە سەر فێرخواز پێویست بووە ، گرنگی پێ بدات و لە پێناو کامڵکردنی ئاستی مەعریفی خۆیی و پسپۆڕبوون تێیدا هەموو هەوڵەکانی بخاتەکار **(ابن خلدون، المقدمة، 2001، صفحة 544)**، هەروەها لەو ڕێگایەوە زیاتر شارەزایی وڵاَتان و کلتور و ڕۆشنبیری میلەتان بوون وە هۆکار بووە بۆ ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری نێوان  کۆمەڵگاکان، ئەویش بە تێکەڵ بوون بە فێرخوازانی نەتەوە جیاوازەکان کە هەموویان لە پێناو زانستدا لە ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیریەکان کۆدەبوونەوە **(ابن مريم، 1908، صفحة 217)** .

لەلایەکی ترەوە یەکێك لەو تایبەتمەندیانەی ئەندەلوسییەکان پێی ناسرابوون حەزی زۆریان بووە بۆ فێربوونی زانست و زانیاری، بۆیە ئەنجامدانی گەشت بۆ خۆرهەلاَتی ئیسلامی وەك ڕێگایی سەرەکی  بەدەستهێنانی زانستیان داناوە، لە بەرئەوەی ناوەند و سەرچاوەی زانستە شەرعیەکان و شوێنی لەدایکبوونی سروش و پەیام و سەرچاوەیی زانستەکانی تر بووە بۆ موسڵمانان، هەروەها توانیویانە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و بەهێزی پەیوەندی ژیاری لەگەڵ خۆرهەلاَتی ئیسلامی گەشت بکەن بۆ بە دەستهێنانی زانست ، بۆ ئەوەش هەزاران میل ببڕن بۆ خۆرهەلاَتی ئیسلامی و ناوەندە زانستییەکان، بێ گودانە ناڕەحەتی و مەترسییەکان دیداری زانایان ئەنجام بدەن **(البشري، 1986، الصفحات 184-185)**.

لەم بوارەدا هەرچەند ئەرکی حەج ڕێوڕەسمێکی ئایینی بووە، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا کۆڕبەندێکی زانستی و ڕۆشنبیری بووە، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری حاجیان بە دەرفەتێکیان زانیووە، تا بەشداری لە ئەلقە و دانیشتنی شارەزابوون لە فەرموودەکان و سروتی ئایینی و کۆڕی زانست و ئەدەب و دیداری زانایان لە شارەکانی (مەککە و مەدینە)بکەن **(الشوابكة، 2008، صفحة 34)**، ئەمەش وایی کردبوو حەج سەرەڕای لایەنە ئایینییەکەی ببوو بە کۆڕبەندێکی ڕۆشنبیری تێیدا زانا و فێرخوازان لە جیهانی ئیسلامی و(ئەندەلوس)یشەوە بۆ بە دەستهێنانی زانست و مەعریفە بەشداریان دەکرد **( غنيمة، 1953، صفحة 212)**، لەم بوارەشدا بۆ زانستی شەرعی و ئایینی ئەندەلوسیەکان ڕوویان لە شاری(مەدینە)کردووە، بەهۆیی بوونی زانای گەورە لەم شارەدا، تێیدا دەمانەوە بۆ وەرگرتنی زانست بە تایبەتی زانستی ڕێبازی(مالیکی) کە بەشێکی زۆری قوتابی و زاناکان تێدا بووە، وەك (ابن خلدون) ئاماژەی پێ کردووە کە (مەدینە) سەرچاوەی زانستی ئەندەلوسییەکان بووە **(ابن خلدون، المقدمة، 2001، صفحة 449)**.

هەروەها شوێنێکی دیکە فێرخوازانی(ئەندەلوس)گەشتیان بۆ کردووە (عێراق) بوو، بە تایبەتی شاری (بەغداد) کە لەو سەردەمدا سەرباری ئەوەی پێگە و پایتەختی (خیلافەی عەباسی)بوو تا ساڵی (656ك/1258ز)، ناوەندی هزری و شارستانییەتی ئیسلامیش بوو، شوێنی کۆبوونەوەی زانا و پزیشکان و فەیلەسوف و ئەدیبان بوو لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا **(البشري، 1986، صفحة 186؛ ذنون طه، 2005، صفحة 42)**، بۆ زانستی زمان و ئەدەب و ڕێزمانی عەرەبی دوای شاری (بەغداد) بۆ دوو شاری دیکە گەشتیان بۆ کردووە ئەوانیش(کوفە و بەسرە)بوون، وەك دوو ناوەندی گرنگی زمانەوانی لەو سەردەمەدا ناسراون و بۆ ئەو زانایانە گرنگی تایبەتی خۆیی هەبووە **(البشري، 1986، صفحة 187)**، هەروەها شارەکانی (موسڵ، دیمەشق، قاهیرە ، نیسابوور)چەند شارێکی تر ناوەندی زانستی گرنگ بوون، بۆ ئەو زانایانەی کە ئارەزومەندی زانستەکانی(بیرکاری و فەلەکناسی و پزیشکی و مێژوو و فەلسەفە)و زانستەکان تر بوون گەشتیان بۆ ئەنجامداوە **( ذنون طه، 2005، صفحة 42)**.

بەشی زۆری ئەم زانایانە پاش وەرگرتنی زانست لە خۆرهەلاَتی ئیسلامی گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان بە زانستەکەیان خزمەتیان کردووە، بەلاَم بەشێکی دیکە ئەم زانایانە

دوای ئەوەی بە مەبەستی زانست گەشتیان ئەنجام داوە و ماونەتەوە خزمەتیان کردووە، نمونەی ئەو زانایانەی لە (ئەندەلوس)ەوە ڕووی لە خۆرهەلآتی ئیسلامی کردووە(محمد بن علی البیاسی الغرناطی/703ك/1303ز)بوو، دوایی ئەنجامدانی حەج ڕووی لە شاری (قاهیرە)کردووە بە مەبەستی وەرگرتنی زانستی فەرموودە لە زانا فەرموودەناسەکان، لە (میسر)ماوەتەوە، تا بۆتە یەکێك لە زانا بەناوبانگەکانی فەرموودە ژمارەیەکی زۆری فێرخواز سودیان لێ وەرگرتووە و تا مردنی لە (قاهیرە)ماوەتەوە، زانایەکی تری ئەندەلوسی (محمد بن عبدالله بن محمد بن أبي الفضل السلمی المرسی/655ك/1257ز)یە، کە بۆ بەدەستهێنانی زانست وەك فێرخواز ڕووی لە خۆرهەلآتی ئیسلامی کردووە، سەرەتا گەشتی بۆ(خۆراسان و مەروی) کردووە، پاشان چۆتە(بەغداد)و دواتریش بۆ(شام) بە مەبەستی وەرگرتنی زانست، پاش ئەنجامدانی حەج دەرفەتی وەرگرتووە لە(مەدینە)زانست بەدەست بهێنێت، بۆ زانست چۆتە (میسر)و لەوێیەوە چۆتە شاری(دیمەشق) و ماوەتەوە، یەکێك بووە لەو زانا دیار و لێهاتوانەی لە زۆر بواری زانستیدا خزمەتی کردووە لەبوارەکانی (ئەدەب و نەحو و فەرموودە و تەفسیر) لە کاتی گەڕانەوە بۆ (دیمەشق) کۆچی دوایی کردووە **(الصدفي، 2000، صفحة 144/1؛ المقريزي، 1991، صفحة 121/6)** ، زانایەکی تری ئەندەلوسی لە بواری زانستی پزیشکیدا لە ناوچەکانی خۆرهەلآتی ئیسلامی ڕۆڵێکی گەورە هەبوو(ابن البیطار/646ك/1248ز) ە، پزیشکێکی بەناوبانگ بوو کە بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانستی پزیشکی و ڕووەکناسی سەردانی ولآتی (ڕۆم و میسر و شام)ی کردووە، ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە خزمەتی کردووە چەندین کتێبی هەیە لە بواری پزیشکیدا **(إبن أبي أصبعة، بلا سنة، صفحة 601؛ المقري، 1968، الصفحات 2/691-692)**.

**تەوەری دووەم: مۆڵەتی زانستی و دیداری زانایان**

یەکێك لەو پاڵنەر و هۆکارە زانستیانەی ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە هاندانی ئەندەلوسییەکان بۆ ئەنجامدانی گەشت بۆ خۆرهەلآتی ئیسلامی، وەرگرتنی مۆڵەتی زانستی بووە لە زانایان لەو سەردەمەشدا سەرچاوە و لانکەی زانست خۆرهەلآت بووە بەتایبەتی زانستە شەرعیەکان، بۆیە بەدەستهێنانی مۆڵەتی زانستی لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەنجامدانی گەشتانە و بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی ژیانی زانستی و بەهێزبوونی پەیوەندی ڕۆشنبیری لە نێوان خۆرئاوا و خۆرهەلآتی ئیسلامی بووە، هەروەها یەکێك بووە لە هۆکارە گرنگەکانی دەرکەوتنی پێشکەتنی زانستی لە ئەندەلوس **(العامري و أريج كريم حمد العتابي، 2014، صفحة 86)**.

(مۆڵەتی زانستی) لە ڕووی زمانەوانیەوە واتە (مۆڵەت پێدان و ڕێگەپێدان) لەلایەن زانایانەوە **(ابن منظور، بلاسنة، صفحة 326/5)**،بەلآم لە ڕووی چەمکەوە واتە:(مۆڵەت و ڕێگە پێدان بۆ گێڕانەی ئەو زانستەی مەبەستە) **( فياض، 1967، صفحة 21)**، یان بەواتایەکی تر(فێرخواز داوا لە زانا دەکات کە مۆڵەتی زانستەکەی پێ بدات، ئەویش مۆڵەتی پێ دەدات بەم شێوەیە فێرخواز مۆڵەتدراوە و زانا مۆڵەت پێ دەرە) **( البغدادي، بلاسنة، صفحة 312)** ، بۆیە فێرخوازان بە مەبەستی وەرگرتنی زانست گەشتیان ئەنجام داوە، لە سەرەتاوە وەرگرتنی مۆڵەت تەنها لە فەرموودەناسان بوو بە مەبەستی گێڕانەوە فەرموودە بە زمان یان بە نوسراو، بەلآم دواتر بۆ هەموو زانستەکان ئەمە بوو بە پێوستی زانستی **(شاوش، 1995، صفحة 405)**، ئەم مۆڵەتە وەك بڕوانامەی شایستەیی بوو، کە فێرخواز لە زانا و مامۆستاکەی وەریگرتووە، دوایی ئەوەیی زانستەکەی وەردەگرت و دەیخوێند لە ماوەیەکی دیارکراودا بە مانگ یان ساڵ یان زیاتر **( زكي، 2009-2010، صفحة 35)**، بۆیە هەمیشە هەوڵیان داوە (مۆڵەتی زانستی) لە ژمایەکی زۆر زانا وەربگرن بۆ ئەوەیی زانست و مۆڵەتەکەی متمانە پێ کراو بێت، مۆڵەتەکەش بە(دوو)جۆر بوو، یان نوسراوێك بووە بۆ فێرخوازەکە بە نوسراوی زانا و شێخەکە مۆڵەتی لێ وەرگرتووە یان بە زارەکی مۆڵەتی پێ دراوە **(رستم، 2009، صفحة 14)**.

وەرگرتنی (مۆڵەتی زانستی)یش وەك چۆن لە خۆرهەلآت گرنگی پێ درا لە (ئەندەلوس)یش بەهەمان شێوە بوو، واتە ئەم شێوازە بۆ ئەندەلوسیش گوازراوەتەوە، لە ڕێگەی ئەو فێرخوازانەی گەشتیان ئەنجامداوە، یان ئەو زانا خۆرهەلآتیانە چوونەتە (ئەندەلوس) مۆڵەتیان داوە بە فێرخوازان، وە شتێکی بلآو بوو لە کۆمەڵگەی (ئەندەلوس)یدا بە تایبەتی لای زانستخوازان، دیارە ئەندەلوسییەکان لە ڕێگەی ئەو گەشتانەی ئەنجامیان داوە بۆ مەڵبەندە گرنگە زانستییەکان بۆ دیداری زانایان و وەرگرتنی مۆڵەتی زانستی و تۆمارکردنی ناوی شێخەکانیان ، ئەمەش وایکردبوو ببووە پێویستیەکی گرنگ و زانستی ناوەندە ڕۆشنبیریەکان زاناکان پێداگریان لەسەر دەکرد بۆ بلآوکردنەوەی زانستەکەیان بە شێوازێکی دروست و پارێزراو لە لادان و خراپ بەکارهێنان **(عبدالعزيز، 1987، صفحة 36)**، بۆیە فێرخوازانیش سوربوون و پێداگریان بۆ بەدەستهێنانی دەکرد لە سەرچاوەیەکی دروست و زانایەکی باوەڕپێکراوەوە، وە ئەمە کارێکی تاکەکەسی بوو چ لە لایەن فێرخوازەوە چ لەلایەن زاناکانەوە پەیوەندی بە دامەزراوە و ناوەندە زانستیەکانەوە نەبووە، تا گەشەکردن و سەرهەڵدانی بیرۆکەی بڕوانامەی پیشەیی زانستی لە جیهانی ئیسلامیدا لە سەدەی(نۆیەمی کۆچی/پازدەیەمی زایینی) **(القلشقندي، 1919، صفحة 322/14)**، بۆیە مۆڵەت وەك بڕوانامەیەکی زانستی و ڕێگەپێدانی لێ هات بە فێرخواز بۆ بابەتێکی دیاری کراو یان بە گێڕانەوەی زانستێك لە زانستەکان **(عبدالعزيز، 1987، صفحة 36)** .

لەم بارەیەوە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بەو زانا ئەندەلوسیانە کردووە بە مەبەستی وەرگرتنی (مۆڵەتی زانستی)سەردانی خۆرهەلآتیان کردووە، نمونەی ئەو زانایانەش(ابن الرومیه/637ك/1239ز) کە زانای فەرموودە و پزیشکی بوو **(ابن ألابار، 1985، صفحة 107/1؛ إبن أبي أصبعة، بلا سنة، صفحة 538؛ المراكشي، الذيل و التكملة لكتاب الموصل و الصلة، 2012، الصفحات 1/652-653)** ، دوای ئەنجامدانی حەج، گەشتی بۆ ناوچەکانی خۆرهەلآتی ئیسلامی کردووە چەند شارێك گەڕاوە بۆ وەرگرتنی(مۆڵەتی زانستی)لە پسپۆڕیەکەی خۆیدا، لەوانە لە شاری(موسڵ)لە (پازدە)زانا مۆڵەتی وەرگرتووە، لە ماوەی گەشتەکەیدا لە نێوان ساڵانی(606ك/1209ز) تا (610ك/1213ز)دا **(ابن الأبار، 1995، صفحة 107/1؛ المراكشي، الذيل و التكملة لكتاب الموصل و الصلة، 2012، الصفحات 1/655-680)**،ئەم زانایە ڕۆڵێکی گەورەی گێرا لە هاندانی ژمارەیەك لە ئەندەلوسییەکان کە سەردانی شاری (موسڵ) بکەن بە مەبەستی وەرگرتنی (مۆڵەتی زانستی)لە زانایانی ئەو شارە ، هەر ئەمە هاندەر بوو بۆ زانایەکی دیکەی ئەندەلوسی ڕوو لە خۆرهەلآت بکات، بە تایبەتی شاری(موسڵ)ئەویش (ابن الیتیم/621ك /1224ز)ە **(المنذري، 1984، الصفحات 3/134-135؛ ابن الأبار، 1995، الصفحات 2/122-132)** ، وە مۆڵەتی زانستی لە سەرجەم ئەو زانایانە وەرگرتووە کە زانستی لێ وەرگرتوون، وە چەندین فێرخواز و زانا ئەندەلوسی بەمەبەستی وەرگرتنی (مۆڵەتی زانستی)لە زانا فەرموودەناس(أبوطاهر السلفی/578ك/1182ز) ، سەردانی شاری(ئەسکەندەریە)یان کردووە، لەوانەش (محمد بن عبدالملك بن یوسف بن فرین بن عبدالله/610ك/1213ز) **(ابن الأبار، 1995، صفحة 104/2)**، هەروەها (أسامه بن سلیمان بن محمد بن غالب الدانی/606ك/1209ز) **(ابن ألابار، 1985، صفحة 174/1)**، کە مۆڵەتی گێڕانەی فەرموودەی پێ بەخشیون)، لەگەڵ چەندین زانای ئەندەلوسی تر بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی زانستی ئەم گەشتەیان ئەنجامداوە **(رستم، 2009، الصفحات 14-15)**.

ئەندەلوسییەکان ئامانجێکی دیکەی زانستی لە ماوەی گەشتەکەیاندا مەبەستیان بووە دیداری زانستی و زانایان بوو، لێرەدا مۆڵەت مەبەستی سەرەکی ئەو زانایانە نەبووە، وەك (ابن خلدون) ئاماژەی پێکردووە و نووسیویەتی:(گەشت بۆ مەبەستی زانست و دیداری زانایان نمونەی تەواوکاری زانست و فێربوون بووە) ، وە لە شوێنێکی تردا نوسیویەتی (گەشت بۆ بەدەستهێنانی زانست پێویستی بە دیداری ڕاستەوخۆی زانایان هەبوو) **(ابن خلدون، المقدمة، 2001، الصفحات 744-745)** ،لەگەڵ زانایان دیداری ئەدیبان و شاعیران و پیاوچاك و شێخە سۆفیەکانیش هەر لەم جۆرە گەشتانەدا ئەنجام دراوە، چونکە زۆرینەی ئەم کەسایەتیە ناودار و بەناوبانگانە لە شارانەدا دەژیان کە ناوەندی زانستی بوون وەك شارەکانی (قاهیرە، مەدینە، بەغداد، دیمەشق، قودس، هەرێمی خۆراسان... تاد)، ئەم جۆرە دیدارانە جیاوازیەکەی ئەوە بوو کە ئاڵوگۆڕ و سودمەندی زانیاری دوو لایەنەی تێدا بوو، هەروەها ئەم جۆرە گەشتانە تەنها ئەنجامدانی دیدار نەبوو، بەڵکو بەشداریان دەکرد لە دانیشتنەکانی ئەو زانا و کەسایەتیانە کە دانیشتنی یادخستنەوە یان گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و تۆمارکردن بوون **(عبريد، 2013، صفحة 13)**، وەك (ابن جبیر) ئاماژەی بۆ کردووە بەوەی لە فێرگەی(النظامیة)لە کۆڕی زانایاندا دانیشتووە کە کۆڕی سروتی ئاینی و یادخستنەوە و گفتوگۆی زانستی بوو لە نێوان مامۆستا و فەقیە و فێرخوازاندا **(ابن جبير، بلاسنة، الصفحات 195-205)**، هەر بۆیە دیداری زانایان و ئامادەبوون لە کۆڕە زانستی و ئاینییەکانیاندا لای ئەندەلوسییەکان وەك شانازیەك وابوو لە کاتی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان ئاماژەیان پێداوە **(عباس إ.، 1978، صفحة 38)**، نمونەی ئەو زانایانەش (أبو عبدالله محمد بن عبدالرحمن التجيبي/610ك/1213ز) ، کە دوای ئەنجامدانی گەشت بۆ خۆرهەڵاتی ئیسلامی بەمەبەستی حەج زیاتر ماوەتەوە دیداری لەگەڵ زۆرینەی زانایانی ئەو سەردەمە ئەنجامداوە کە ژمارەیان گەیشتۆتە زیاتر لە(130) زانا و مامۆستا کە زانستی لێ وەرگرتوون ناویان تۆمارکردووە **(ابن الأبار، 1995، صفحة 103/2؛ المراكشي، الذيل و التكملة لكتاب الموصل و الصلة، 2012، الصفحات 384/4-390؛ المقري، 1968، الصفحات 160/2-161)** ، هەروەها یەکێکی دیکە لەو زانایانە (أثيرالدين أبو حيان الأندلسي/745ك/1344ز) کە یەکێکە لە زانا بە ناوبانگەکانی(ڕێزمان/النحو) دوایی ئەنجامدانی گەشت دیداری لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر زانا و کەسایەتی ئەنجامداوە کە بە زیاتر لە (400) زانا ئەژمارکراوە کە ئەم زانایە بە دیداریان گەشتووە و زانستی لێ وەرگرتوون لەخۆرهەڵاتی ئیسلامی **(العسقلاني، 1972، صفحة 58/6)** ،ئەمەش نیشانی دەدات کە ئەندەلوسییەکان چەند تامەزرۆی دیداری زانایانی ناوچەکانی خۆرهەڵات بوون، جا بە وەرگرتنی (مۆڵەتی زانستی) یان دیداری زانستی بێت هەمیشە هەوڵیان داوە نەك تەنها وەك ڕووگەیەکی ئاینی ئیسلام سەیری بکەن، بەڵکو ڕووگەی زانستیشیان بوو، زۆرینەی زاناکانیان زانستە جۆراو جۆرەکانیان لێ بە دەستهێناوە و (مۆڵەتی زانستی)یان وەرگرتووە.

## باسی سێهەم : هۆکار و پاڵنەری ڕامیاری

زۆرینەی ڕووداوە مێژووییەکان هەمیشە بەشێوەیەك لە شێوەکان کاریگەری ڕامیاری لە سەرە و ڕۆڵێکی ورد و زیندوویان لە ئاراستەکردنیدا بینیووە، دیارە ئەوەش پاڵنەرێکی باش بوو هانی ئەندەلوسییەکان داوە گەشت بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی بکەن، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام و ناوەندی گرنگی زانستی بوون یان ئارامی وجێگیری سیاسی تێدا بوو هەڕەشەی سەربازی تێدا کەم بووە یان هەر نەبووە، لەم نێوەدەدا ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی ئەم باردۆخەی تێدا بوو کە ئەو زانایانە بە دوایدا گەڕاون.

پاڵنەری ڕامیاری لە سەر دوو ئاستی سەرەکی کاریگەری لە سەر ئەندەلوسییەکان بۆ ئەنجامدانی گەشتی زانستی دروست کردووە ئەوانیش:

### تەوەری یەکەم : هۆکارە ڕامیارییەکانی ئەندەلوس

هەرچەند تا کۆتایي خیلافەت لە (ئەندەلوس) بارودۆخی سیاسی جێگر و سەقامگیر بوو، بەڵآم بە کەوتن و کۆتایي خیلافەت لە ساڵی(422ك/1030ز) سەرەتایي قۆناغی ئەو ئاڵۆزیە سیاسیە سەری هەڵدا، ئەو قۆناغەش بە سەردەمی(دەسەڵآتی بنەماڵەکان/ملوك الطوائف)دەستی پێکرد کە بەتەواوی دەستکەوتەکانی سەردەمی خیلافەتی قۆناغ بە قۆناغ لە ڕووی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵآتی و زانستیەوە لە دەستدا، بە جۆرێك)ناویان ناوە (سەردەمی دەسەڵآتدارانی کێشە و ئاژاوە) **(ابن عذاری، 2013، صفحة 187/3)**.

هۆیەکەش ئەوە بوو سیاسەتی خراپەکاری و گەندەڵی و دووبەرەکی و دەستدرێژکردنە سەر یەکتری بنەماڵە و خێڵەکان دانیشتوانی(ئەندەلوس)ی ناچار کرد بۆ ڕزگاربوون لەدەست ئەم خێڵانە پەنا ببەنە هێزی دەرەکی، ئەمەش دەسپێکی ئەو قۆناغە بوو پشت لە هێزی بەرگریکرنی ناوخۆیي کرا، لەلایەن فەرمانڕەوایان و دانیشتوانی (ئەندەلوس)ەوە بەرامبەر هەر مەترسیەکی دەرەکی بکرێتە سەریان لە لایەن شانشینە مەسیحیەکانی باکوری وڵآتەوە، کە بە چاوی تەماحکارییەوە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی ئەندەلوسیان داوە، هەر لێرەوەش لە سەردەمی(خێڵەکان)دا بوو کە شاری (تلیتلە)لەلایەن (شانشینی قشتالە)وە لە ساڵی(478ك/1087ز)داگیرکرا **(إبن الكردبوس، 1971، صفحة 85؛ طقوش، 2009، صفحة 294)**، ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ دەست بەسەرداگرتنی شارەکانی دیکەی (ئەندەلوس) لە لایەن شانشینە مەسیحیەکانەوە، تا دواتر یەك لە دوایي یەك کەوتنە دەست ئەو شانشینانەوە **(حتاملە، 2000، صفحة 486)**.

ئەمانە هەمووی ئەنجامی ئەو لاوازیە بوو لە لایەنی سیاسییەوە ڕووی لە (ئەندەلوس) کردبوو بە هۆی هاتنی هێزێکی نوێوە کە ئەوانیش(مەرابیتەکان) ، وەك هێزێکی ئیسلامی لە وڵآتی (مەغریب)، لە سەر داوایي دانیشتوانی(ئەندەلوس)و هەندێ لە فەرمانڕەواکانی بۆ ڕزگاربوونیان لە دەست فەرمانڕەوای خێڵەکان و پاراستنیان لە هێرشی دەرەکی خاچیەکان ڕوویان لەو وڵآتە کرد و بۆ ماوەیەك فەرمانڕەوایي (ئەندەلوس)بکەن **(إبن الكردبوس، 1971، الصفحات 89-90)** ، بەم شێوەیە ئەمە بوو بە سەرەتا کۆتایي حوکمی خۆبەڕێوبەری ئەندەلوسییەکان بۆ ماوەی (دوو)سەدە زیاتر، بەڵآم ئەمانیش تاسەر نەیان توانی فەرمانڕەوای(ئەندەلوس) بکەن، هەر لە سەردەمی(مورابیتەکان) بوو شاری(سەرەقەستە) بە هەمان شێوەی شاری(تلیتلە)لەساڵی(512ك/1118ز) لە لایەن (شانشینی ئەراگۆن)ەوە داگیر کرا **(إبن الكردبوس، 1971، الصفحات 117-120؛ ابن الأبار، 1995، صفحة 248/2)**.

کەوتنی(سەرەقەستە)سەرەتای کۆتایي هاتنی فەرمانڕەوایەتی(مەرابیتەکان)بوو، ئەوەش بە هۆی دەرکەوتنی هێزێکی نوێ بە ناوی(موەحیدیین)، ئەم دەسەڵآتە نوێیەش هەر لە وڵآتی (مەغریب)ەوە سەری هەڵدا، لە ئەنجامی لاوازی ئەندەلوسیش مەترسی شانشینە خاچییەکان ڕوویان لەو وڵآتە کرد، هەرچەند دەسەڵآتێکی بیانی بوون بۆ دانیشتوانی (ئەندەلوس)، بەڵآم توانیان لە ماوەیي دەسەڵآتیاندا پارێزگاری لەو وڵآتە بکەن، بە ئاستێك لە سەرەتای دەسەڵآتیشیاندا زۆر بە بەهێزی ڕووبەڕووی مەترسی هێزە خاچیەکان بوونەوە، کە چاویان بڕی بوویە خاکی (ئەندەلوس) وەك هەمیشە، ئەم

ململانێیە جەنگی ئەلئەرەك(الأرك)ی مێژوویی لێ کەوتەوە لە ساڵی(591ك/1195ز)دا، لە نێوان سوپای خاچییەکان بە سەرکردایەتی (ئەلفۆنسۆی هەشتەم/550-611ك/1155-1214ز) پادشای شانشینی(قشتالە ولیۆن)، لەگەڵ سوپای(موەحیدین)بە سەرکردایەتی خەلیفە(أبو یعقوب المنصور/580-595ك/1184-1198ز)، کە ئەنجامەکەی شکستێکی گەورە و چاوەڕوانەکراوی خاچیەکان بوو کە ژمارەیەکی زۆری سوپاکەیان لەو جەنگەدا لە ناوچوو **(المقري، 1968، صفحة 443/1؛ عنان، 1997، الصفحات 3/197/2-208)**،بەڵام ئەم سەرکەوتنەش زۆر درێژەی نەکێشا و دوای کۆچی دوایی(المنصور)هاتنی (الناصر بالله/610ك /1213ز)لە ساڵی(595ك-1198ز) شانشینە مەسیحیەکانی(قشتالە و ئاراگۆن و نافار) بە سەرکردایەتی (ئەلفۆنسۆی هەشتەم) و پاڵپشتی هێزە ئەورپییەکانی(فەرەنسی و ئەڵمانی و پورتوگاڵ)ی و پاپای مەسیحییەکان بۆیان، هێرشێکی نوێ بۆسەر (ئەندەلوس) دەستی پێکردەوە کە جەنگی(العقاب) لە ساڵی(609ك/1212ز)دا لێ کەوتەوە، کە بە شکستی (موەحیدین) و موسڵمانانی ئەندەلوس و هەڵهاتنی(الناصربالله) کۆتایی هات، کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری سوپاکەی لەناوچوون **(المراكشي، المعجب في تلخيص أخبار المغرب، 1949، الصفحات 321-322)**، ئەمەش سەرەتای کۆتایی دەسەڵاتی(موەحیدین)وکەوتنی بەشێك لە شارەکانی ولاَتی ئەندەلوس بوو، هاوپەیمانی شانشینە خاچیەکان بەم سەرکەوتنە بانگەوازی جەنگی گێڕانەوە(الاسترداد- LA Reconquuiste) ڕاگەیاند، یەك لە دوای یەك لە سەردەستی هێزە خاچییەکان کۆتایی بە شارە ئەندەلوسیەکان هێنا **( الفلاحی، 2013، صفحة 201)** ، دوای ئەم شکستەش بە تەواوی هێزی بەرگری موسڵمانان لە ئەندەلوس تێك شکا و هیچ شتێك نەبووە ڕێگر لە بەردەم هاتنی هێزی هاوبەشی خاچییەکان، بە تایبەتی پاش پاشەکشێی خەلیفەی موەحیدی بۆ (ئیشبیلیە) و دواتریش گەڕانەوەی بۆ (مەغریب)کە تەنها یەك ساڵ دوای ئەم ڕووداوە ژیا لە(610ك/1213ز) کۆچی دوایی کرد **(ابن عذاری، 2013، صفحة 269/3؛ ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، 2001، صفحة 338/6)**.

ئەنجامەکانی جەنگی (ألعقاب)بە کۆتایی کرداری دەوڵەتی موەحیدی و شارە موسڵمانشینەکانی ئەندەلوس دانرا، جگە لە شانشینی(غەرناتە) و بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی نیمچە دوورگەی(ئیبریا)کە نزیکەی (سێ)سەدە دواتر کۆتایی هات، بۆیە هێزە خاچییەکان پاش ئەم سەرکەوتنە گەورە دەستیان گرت بەسەر(بەستە و باغۆ)و بە تەواوی وێرانیان کرد **(المغربي ، 1993، الصفحات 154/1-156؛ عنان، 1997، صفحة 320/2/3)**، پاشان (ئەلفۆنسۆی هەشتەم) پاشای(قشتالە)بەرەو شارەکانی(بیاسە ، ئەبدە) کشا و داگیرکرد، لێرەوە بیرۆکەی گەڕاندنەوەی تەواوی خاکی(ئەندەلوس) لایان سەرهەڵدا، دیارە ئەگەر نەخۆشی لە ناوهێزەکانیان تەشەنەی نەسەندایە کە پاشەکشەی پێ کردن بۆ (تلیتلە) پایتەختی (قشتالە)، ئەوا درێژەیان بە سەرکەوتنەکانیان دەدا بۆ گرتنی شارەکانی تر **(المراكشي، المعجب في تلخيص أخبار المغرب، 1949، صفحة 322؛ عنان، 1997، صفحة 320/2/3)** .

ئەنجامی ئەم هێرشانە نائارامیەکی ئەمنی و سیاسی گەورەی دروستکرد لە ئەندەلوسدا، بە جۆرێك ئاژاوەی ناوخۆی بە دوایدا هات، ئەوەش فیتنە و ڕاپەڕینەکەی(البیاسی)لێ کەوتەوە، کە ماوەی(دوو)ساڵی خایاند و بەتەواوی دەسەڵاتی موەحیدییەکانی لاوازکرد، هەروەها هانی خاچییەکانی دا پەلامار و هێرشەکانیان بۆدەست بەسەرداگرتنی شارەکانی تر دەست پێ بکەنەوە، دەستپێك خۆرهەڵاتی(ئەندەلوس)کەوتە بەر ئەو هێرشانە(دورگەکانی ئەلبەلیار)سەرەتای ئەو شالآوە بوو **( الشطشاط، 2001، صفحة 61)**، پادشای ئەراگۆن(خایمی یەکەم/610-675ك/1213-1276ز)توانی لە ساڵی(627ك/1230ز)یەکەم دورگە داگیربکات کە (دورگەی میروقە) بوو، دواترلە ساڵی(632ك/1235ز)دورگەی(یابیسە)داگیرکرا، دورگەی(منروقە) لە ناوەڕاست بە گوێڕایەڵی پاشای(ئەراگۆن)مایەوە تا ساڵی (686ك/1287ز) داگیر کرا **( الفلاحی، 2013، صفحة 203)**.

ئەم سەرکەوتنانە ڕێکەوتنێکی نوێی هێنایە کایەوە لە نێوان شانشینەکانی (ئەراگۆن و قشتالەو پورتوگال)دا لە ساڵی(628ك/1230ز) کە هەموو شارەکانی (ئەندەلوس) دەست بەسەردا بگرن و لە نێوان خۆیان دابەشی بکەن، یەکەم شار کە دوای ئەم ڕێکەوتنە داگیرکرا شاری(قورتبە)بوو لە ساڵی(633ك/1236ز) **(ابن عذاری، 2013، صفحة 459/3؛ ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، 2001، صفحة 419/4)**، دووەم شار کە(بەلەنسیە)بوو لە ساڵی(636ك/1238ز)دا، وە شاری (دانیە)لە ساڵی(641ك/1242ز)و شاری(جیان)لە (644ك/1245ز)داگیرکران **(ابن الأبار، 1995، صفحة 303/3؛ عنان، 1997، صفحة (463/2/3،459)؛ الفلاحی، 2013، صفحة 203)**، پاش کەوتنی شارەکانی خۆرهەڵات دیارە خاچییەکان مەبەستیان بوو گرنگترین شاری خۆرئاوای ئەندەلوس داگیربکەن، ئەوە بووشاری(ئیشبیلیە)لە ساڵی(646ك/1248ز)بە ڕێکەوتن شارەکە خۆیدا بە دەستەوە، شاری(شاتبیە)لە ساڵی(644ك/1246ز)و شاری(مەرسیە)لە ساڵی(664ك/1265ز) ئەو شارانە بوون یەك لە دوایی یەك داگیرکران **(ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، 2001، صفحة 219/4)**، بەم شێوەیە لە نێوان ساڵانی(627-665ك/1229- 1266ز) زۆرینەی شارەکانی(ئەندەلوس) لە خۆرهەڵات و ناوەند و خۆرئاوای(ئەندەلوس)بەتەواوی لەلایەن خاچییەکانەوە دەستیان بەسەردا گیرا،جگە لە(شانشینی غەرناتە)نەبێت کە مایەوە داگیر نەکرا، هەرچەند لە کۆتای سەدەی (حەوتەم وسەرەتا سەدەی هەشتەمی کۆچی/سیازدە و چواردەی زایینی) چەند جارێك کەوتە بەر هێرشی شانشینە خاچیەکان، بەڵام بۆ ماوەی (دوو) سەدە و نیو توانی خۆڕاگر بێت تا کەوتنی لە ساڵی (897ك/1492ز) دا **(المقري، 1968، الصفحات 524/4-526؛ حتامله، 2000، الصفحات 619-621)** .

هێرش وداگیرکاری خاچییەکان بۆ شارەکانی(ئەندەلوس)کوشتاری دانیشتوانەکەی و وێرانکردنی شارەکان و گۆڕینی سەرجەم سیما ئیسلامییەکانی بۆ سیمای مەسیحی لێکەوتەوە، لە نێویشیاندا سەرجەم مزگەوتەکان کران بە کەنیسە، لەوانە مزگەوتی بەناوبانگی شاری(قورتبە)کرا بە کەنیسە و سەرجەم سیماکانی بەگشتی گۆڕران **( عنان، 1997، صفحة 424/2/3)**،هەموو ئەم کردارانە خاچییەکان لە جەنگی(العقاب)ەوە تا کەوتنی ئەندەلوسی گەورە، وایکرد ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە شارەکاندا بکوژرێن یان ڕووبەڕووی گیران و ئاوارە بوون بوونەوە، بە تایبەتی زانایانی (ئەندەلوس) بەشێکی دیاری ئەو قوربانیانە بوون لە کاتی جەنگەکاندا ژمارەیەکیان کوژران یان ڕووبەڕووی زیندانیکردن بوونەوە، بەشێکیشیان ڕوویان لە (غەرناتە)کرد، کە تەنها شوێنی داگیرنەکراوی ئەندەلوس بوو، بەشێکی تریان ڕوویان لە(مەغرب)کرد، هەندێکیشیان گەشتیان بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی کرد وبۆ وەرگرتنی زانست مانەوە، بۆیە لایەنی سیاسی و باردۆخی ناوخۆیی(ئەندەلوس) کە تێکچوو بوو لە ڕووی ئەمنی و سیاسی یەکێك بوو لەو لایەنە کاریگەرانەی کە هانی بەشێك لە زانایان و ئەندەلوسییەکانی داوە گەشتی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی بکەن کاریگەرێکی فراوان دروست بکەن و خزمەتێکی گەورە ئەنجام بدەن.

**تەوەری دووەم : هۆکارە ڕامیارییەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی**

هەمیشە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی بۆ دانیشتوانی خۆرئاوای ئیسلامی و (ئەندەلوس) گرنگ و جێگای سەرنج بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێگە ئایینیە

گرنگەی ئەم ناوچەیە هەبیوو لە بوونی شوێنە پیرۆزەکان و ناوەندەکانی زانستی ئایینی تێیدا کردبووی بە سەرچاوەی سەرەکی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی، جگە لە گرنگییە ئایینی و زانستییەکەی پێگە سیاسیەکەشی ئەوەندەی تر سەرنجی ئەندەلوسییەکانی بۆ ئەنجام دانی گەشت ڕاکێشابوو.

سەرەڕای ئەو هۆکارانەی سەرەوە ڕووداوە سیاسیەکانی خۆرهەڵآتی ئیسلامی لەو قۆناغەدا بەتەواوی سەرنجی گەشتیارانی لە هەمو لایەکەوە ڕاکێشا بوو لە نێویشیاندا ئەندەلوسییەکان، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دۆخەش پۆلێنی ئەو ڕووداوە سیاسیانە دەکەین کە پاڵنەری گەشتی ئەندەلوسیەکان بووە بۆ خۆرهەڵآتی ئیسلامی :

- کۆتایی هێنان بە (خیلافەتی فاتمی) لە ولآتی(میسر)لە ساڵی(567ك/1171ز) لەسەر دەستی(صلاح الدين الايوبي)، توانی بە یەکجاری ئەو دەسەلآتە شیعەیە لە ناوچەکانی باکوری ئەفریقا نەهێڵێت ئەوەش دوای ئەوەی وتاری ئایینی بۆ خەلیفەی فاتمی قەدەغەکرد و بەناوی خەلیفەی عەباسیەوە وتار خوێندرایەوە **(ابن شداد، 1994، صفحة 86؛ ابن واصل، 1957، صفحة 201/1)**، ئەم هەنگاوەی ئەیوبییەکان گۆڕانکارییەکی بەرچاو بوو کە توانی کۆتایی بە خیلافەتێکی دوو سەدە و نیوی ئایینزا شیعە بهێنێت **(بەدلیسی، 2010، صفحة 85)**،کە هەموو سیما و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی ئایینزای سوننەی قەدەغەکرد، هەروەها ئاستەنگیان لە بەردەم پەیڕەوانی سوننە دروست کرد بوو، بەوانەشی لە (ئەندەلوس)ەوە دەهاتن، هەر بۆیە بە نەمانی (فاتمییەکان) و بەربەست و ڕێگریەکانیان هاتوچۆ لە نێوان خۆرهەڵآت و خۆرئاوای ئیسلامی بۆ ئەندەلوسیەکان ئاسان بوو، دەرفتێك بوو بۆ ئەنجامدانی حەج و وەرگرتنی زانست لە ناوەندە زانستییەکان ڕوو لە خۆرهەڵآت بکەن **(کاشف، 1986، صفحة 41)**، هەروەها دابینکردنی ژیانێکی ئاسودە، کە بەهۆی سەقامگیری سیاسی و گەشەکردنی بازرگانیەوە لە (میسر و شام)دا کە ئەیوبییەکان دابینیان کردبوو، ئەمەش یەکێك بوو لەو پاڵنەرە سەرەکیانە کە لە ڕوو ڕامیاریەوە کاریگەری گەورەی هەبوو بۆ ئەنجامدانی گەشت بۆ خۆرهەڵآتی ئیسلامی **( هاملتون ، 1996، صفحة 204)**.

- سەردەمی(ئەیوبییەکان)بۆ(ئەندەلوس)و دانیشتوانەکە زۆرکاریگەربوو، چونکە(صلاح الدين) و جێگرەکانی ئایینزای سوننەیان کرد بە ئایینزای فەرمی دەوڵەت، بۆ سڕینەوە شوێنەواری دەسەلآتی (فاتمییەکان)و کۆتایی هێنان بە ئایینزای شیعە لە(میسر)دا، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەڕایی قەدەغەکردن مەزهەبەکەیان و لابردنی سەرجەم سیما و شوێنەوارەکانیان، هەستان بە بلآوکردنەوەی ئایینزای سوننە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلآتیان لە (میسر و شام)دا، بۆ ئەوە مەبەستەش کردنەوەی قوتابخانەکان باشترین هەنگاویان بوو، سەرەڕای ئەوەی سەرجەم زانستە شەرعی و ئاینییەکان زانستی (چوار) ڕێبازە سەرەکییەکەی سوننەیان تێدا دەخوێنرا، ئەم قوتابخانانە ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە بلآوبوونەوە ئەو ڕێبازانەدا، ئەمەش هاندەرێکی باش بوو ڕێگا خۆشکەر بوو لە ناوچەکانی تری جیهانی ئیسلامیەوە ڕوو لەو قوتابخانانە بۆ وەرگرتنی زانستە شەرعی و جۆراوجۆرەکان بکەن (الصلابي، 2008، الصفحات (222-230 ،281-287))، لە نێویاندا ئەندەلوسییەکان بۆ وەرگرتنی زانست گەشتی بۆ خۆرهەڵآتی ئیسلامی بکەن لەو قوتابخانانە بینەوە و زانست وەربگرن، تەنانەت هەندێکیان بوون بە زانا و مامۆستا گەورە لەو قوتابخانانەدا سەدان فێرخوازیان هەبووە، لەوانەش(زکي الدين البرزالی/636ك/1238ز) یەکێك بوو لەو زانا ئەندەلوسیانەی فەرموودە زانا و مامۆستای فێرگەی(مشهده عروه) بوو و فێرخوازێکی زۆری هەبوو (الذهبي، سیرأعلام النبلاء ، 1985، الصفحات 55/23-57)، هەروەها (أبا بكر الأنصاری الشاطبي المالکي/662ك/1264ز) زانای فێرگەی(دار الحديث البهائية) بوو لە ولآتی( شام)، پاشان بووە بە زانا و شێخی (دار الحديث الکاملية)لە ولآتی (میسر) (المقري، 1968، صفحة 64/2)،لەگەڵ چەندین زانای تر کە ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە خۆرهەڵآتی ئیسلامیدا.

- پاڵنەرێکی دیکەی گەشت(جەنگی خاچپییەکان) بوو، کە لە سەردەمی ئەیوبییەکاندا بەتەواوی زیندووبویەوە ( طقوش، 2009، صفحة 223)، ئەوەش بەهۆیی ئازادکردنی شاری(قودس)ەوە بوو لەلایەن(صلاح الدينی الأيوبي)یەوە (ابن كثير، 1988، صفحة 323/12)، ئەم سەرکەوتنە خۆشییەکی گەورەی لە ناو جیهانی ئیسلامیدا هێنایە ئاراوە بە تایبەتی لای ئەندەلوسییەکان، بەجۆرێك(ابن جبير) ئاماژە بەم خۆشیە کردووە کە هۆکاری گەشتی (دووەم)ی بۆ خۆرهەڵآتی ئیسلامی بۆ سەردان و بینینی شاری (قودس) بووە (ابن الخطيب، الإحاطة في أخبار الغرناطة، 2003، صفحة 232/2)، بۆیە (جەنگی خاچپیەکان) هۆکارێکی بەهێز بوو، کە وایکرد ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئەندەلوس گەشتی خۆرهەڵآت بکەن بۆ بەشداری کردن تێیدا، ئەوەش بە چەند شێوازێك بەشێکیان لە ڕووی سەربازیەوە بەشداری ئەم جەنگەیان کردووە ، بە جۆرێك ژمارەیەکی زۆریان لە گەمارۆدانی شاری(عەکا)دا لە ساڵی(583ك/1187ز) بەشداریان کردووە (احمد، 2010-211، صفحة 131)، هەروەها لە سەر ئاستی تاکەکەسیش ئەندەلوسییەکان بەشداری جەنگی خاچپیەکانیان کردووە، لەوانەش(أبو الحسن علي بن عبدالله الأندلسي) کە لە ئەندەلوسەوە بۆ خۆرهەڵآتی ئیسلامی هاتووە، بۆ بەشداریکردن لە جەنگی خاچپییەکان لە ساڵی (621ك/1224ز)دواتر لە لایەن خاچپەکانەوە دەستگیرکراوە، بەلآم ڕزگاری بووە لە شاری(دیمەشق) ماوەتەوە (أبي شامة، 2002، صفحة 186)، هەروەها (أبو الحسن الششتيري/668ك/1270ز)یەکێك بوو لەو کەسایەتیە ئەندەلوسیانەی کە بەشداری لە(جەنگی خاچپییەکان) لە ساڵی (647ك/1249ز) لەگەڵ ئەیوبییەکان کردووە ( سي عبدالقادر، 2016، صفحة 168) ، ئەم بەشدارییە تەنها لە ڕووی سەربازیەوە نەبوو، بەڵکو لایەنی دیکەشی وەك پزیشکی گرتەوە کە گرنگیەکەی کەمتر نەبوو لە بەشداری سەربازی، ئەو هاوکاری و کۆمەکی پزیشکیەی ئەندەلوسییەکان خزمەتێکی گەورە بوو لە کاتی جەنگەکاندا (احمد، 2010-211، صفحة 136)، لەگەڵ سوپادا بەشداری شەڕەکانیان دەکرد بۆ تیمارکردنی بریندارەکان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری خێرای پزیشکی لە کاتی پێویستدا، یەکێك لەو پزیشکە دیارانەش(عبدالمنعم الجلياني/603ك/1206ز)بوو، کە لە کاتی جەنگی خاچپیەکان لە(بەغداد)بوو، بۆ بەدەستهێنانی زانست، بەلآم دوای ئەوەی هەواڵی جەنگ دەبیستێ ڕاستەخۆ چۆتە شاری(دیمەشق)، لە کاتی جەنگدا خزمەتێکی باشی پێشکەش بە(صلاح الدين) و سوپای ئەیوبی کرد (إبن أبي أصبعة، بلا سنة، صفحة 630؛ الذهبي، تاريخ الإسلام ووفيات و المشاهر و الأعلام، 2003، صفحة 78/13)، لەو پزیشکە ئەندەلوسیانەی تر کە ڕۆڵیان لەو بوارەدا گێڕا(يحيي البياسي)بوو کە لە ولآتی (شام) زانستی پزیشکی خوێندووە (صلاح الدينی الأيوبي) پشتی پێ بەستوە لە زۆربەی جەنگەکاندا لەگەڵ سوپاکەیدا یاوەر بووە و تا کۆتای ژیانی لە (دیمەشق)مایەوە (احمد، 2010-211، صفحة 138).

بۆ خۆرهەڵآتی ئیسلامی بەردەوام بووە، سەرەڕای بوونی مەترسی نوێی سەربازی لە سەر ئەم ناوچانە کە ئەوەش شالآوی(مەغۆلەکان)بوو **(الصياد، 2008، صفحة 25)**، کاتێك توانیان بەشێکی گەورەی جیهانی ئیسلامی داگیر بکەن ، کۆتایی بە چەند دەسەلآتێکی ئیسلامی بهێنن کە بەناوبانگترینیان(خیلافەتی عەباسی)بوو، بە داگیرکردنی شاری (بەغداد)لە ساڵی (656ك/1258ز)دا، هەروەها پاشماوەی ئەیوبییەکان لە ولآتی(شام) **(ابن الفوطي، 2005، الصفحات (370-354،373-360)؛ ابن الوردي، 1997، الصفحات (189/2-196،190-200)؛ الصياد، 2008، صفحة 307)**، بەلآم

مەمالیك توانیان ببن بە تاکە هێز کە پێشڕەویەکانیان بوەستێنن، ئەوەش دوایی سەرکەوتنە بەناوبانگەکەیان لە جەنگی(عین جالوت)دا **(ابن الفوطی، 2005، صفحة 374؛ ابن کثیر، 1988، الصفحات 220/13-221)**، بەم سەرکەوتنە توانیان ناوچەکانی(شام و میسر) لە دەستی مەغۆل ڕزگار بکەن دەسەلآتێکی بەهێز دابمەزرێنن،(مەمالیك) دوایی کۆژرانی کۆتا خەلیفەی عەباسی و بۆ ئەوەی شەرعیەت بە دەسەلآتەکەیان ببەخشن هەستان بە زیندوکردنەوەی خیلافەت، ئەوەش بەهێنانی یەکێك لە ئەندامانی (بنەماڵەی عەباسی) بۆ(میسر)لە لایەن (الظاهر بیبرس/658-676ك/1259-1279ز)ەوە **(ابن کثیر، 1988، صفحة 231/13)**،بەم شێوەیە (قاهیرە)بوو بە پایتەختی(مەمالیك) و ناوەندی دەسەلآتی جیهانی ئیسلامی، ئەم هۆکارە ڕامیاریانە پاڵنەرێکی گەورە بوو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی موسڵمانانی ئەندەلوس بۆ خۆرهەلآتی ئیسلامی، بەتایبەتی بەهۆی ئەو پاڵپشتیە گەورەی کە سوڵتانەکانیان بۆ زانست ئەنجامیاندا، لە گرنگی دان بە زانست و زانایان و دابینکردنی شوێن و پێداویستی بۆ فێرخوازان و بایەخیان بۆ فێرگە زانستیەکان، وایکرد ژمارەیەکی زۆری زانا و فێرخواز گەشت بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلآتیان بکەن **(عبرید، 2013، صفحة4)**.

ئەو پەیوەندیە زانستی و مەعریفییە بەهێز بوو لە سەردەمی مەمالیك هاوکات بوو بە سەردەمێکی نوێ کە بە(ئەندەلوسی بچوك) یان (شانشینی غەرناتە)ناسراوە، ئەمەش زیاتر هاندەر بوو بۆ ئەو هاولآتیانی (ئەندەلوس) ئەو شارانەی کە لە لایەن خاچپەکانەوە داگیرکرا بوو ڕوو لە خۆرهەلآتی ئیسلامی بکەن، بە تایبەتی لە ناوەندە زانستیەکانی (میسر و شام)دا ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبێ، لە نمونەی ئەو زانایانەش(محمد بن الحسن بن محمد المالقی/771ك/1369ز) کە یەکێك بوو لەو ئەندەلوسیانەی گەشتی بۆ خۆرهەلآتی ئیسلامی کرد و لە شاری(دیمەشق) لە(شام) نیشتەجێ بوو، هەروەها یەکێك بوو لە شێخە گەورەکانی(مالیکی)و شێخی گەورەی فێرگەی(التجیبیە) و تا مردنی لە (شام)مایەوە **(العسقلانی، 1972، صفحة 164/5؛ السیوطی، 1965، صفحة 87/1)**، ئەدیب(أبو جعفر الأندلسی/779ك/1377ز)یەکێکی تر بوو لەو زانایانەی لە سەردەمی (مەمالیك)لە ساڵی(738ك/1338ز)سەردانی خۆهەلآتی کرد و دوایی ئەنجامدانی حەج گەشتی کرد بۆ شاری(قاهیرە) بۆ وەرگرتنی زانست، پاشان چۆتە ولآتی (شام)بۆ ماوەی(سی)ساڵ تێیدا مایەوە، یەکێك بوو لە زانا دیارەکانی ڕێزمان/نەحو و زمانەوانی چەندین بەرهەمی لەم بوارەدا هەبوو **(العسقلانی، 1972، الصفحات 403/1-404؛ السیوطی، 1965، صفحة 403/1)**.

## ئەنجام

لەم کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەشتینە ئەم ئەنجامانەی کە خوارەوە:

1) هەرچەند ئەندەلوس لە ڕووی سیاسیەوە تەواو سەربەخۆ بوون لە خۆرهەلآتی ئیسلامی، بەلآم پەیوەندی بەهێزی ڕۆشنبیری و زانستیان بەردەوام بووە پەیوەستی کردونەتەوە بەو ناوچانەوە.
2) ئەنجامدانی ئەرکی حەج یەکێك بووە لە هۆکارە بەهێزەکانی ئەو پەیوەندیە ڕۆشنبیریە بووە کە ساڵآنە ئەنجامدراوە بۆ بەجێهێنانی یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئایینی ئیسلام، ئەمەش حیجازی کردبوو بە ناوەندێکی ئەو پەیوەندیە بە پێگە ڕۆحی و مەعنەویەکەیەوە.
3) بوونی چەندین ناوەندی گرنگە زانستی لەگەڵ ژمارەیەك لە زانای لێهاتوو تێیاندا، هۆکارێکی گرنگی ڕاکێشانی زانستخوازان بوو بۆ ئەو ناوەندە گرنگانەی خۆرهەلآت بۆ وەرگرتنی زانست.
4) ڕووداوە سیاسیە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە سەر ئاستی ئەندەلوس و خۆرهەلآتی ئیسلامی، پاڵنەرێکی بەهێز و هاندەری ئەندەلوسیەکان بوو بۆ ئەنجامدانی گەشتەکانیان، بە هۆی ئەو فشارە گەورەی کە دروست ببوو لەسەریان.
5) مانەوە لە ناوەندە زانستی و ڕۆحییەکان سیمایەکی دیاری ژیانی ئەندەلوسیەکان بوو لەو ناوچانەدا، بەهۆیی دروستبوونی ئەوتامەزرۆییەی بە هۆی گەشتەکانیانەوە بۆیان دروست ببوو.

## سەرچاوەکان

**القرآن الکریم**

**یەکەم :سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

**أ- سەرچاوە دێرینەکان(المصادر)**

إبن أبي أصبعة. (بلا سنه). عیون الانباء فی طبقات الاطباء (الإصدار 1). (د. نزار رضا، المحرر) بیروت: دار مکتبة الحیاة.
ابن ألابار. (1985). الحله السیراء (الإصدار 1، المجلد 2). (حسین مؤنس، المحرر) القاهره: دارالمعارف.
ابن الأبار. (1995). التکمله لکتاب الصله (الإصدار 1، المجلد 2). (عبدالسلام الهراس، المحرر) بیروت: دار الفکر.
ابن الأثیر. (1987). الکامل فی تاریخ، (الإصدار 1، المجلد 11). بیروت: دار أحیاء التراث العربی.
البغدادی. الخطیب (بلاسنه). :الکفایة فی علم الروایة (الإصدار 1). (أبوعبدالله السروقی و ابراهیم حمدی المدنی، المحرر) المدینة المنورة: المکتبة العلمیة.
ابن تغری بردی. (بلا سنه). النجوم الزاهرة فی ملوك مصر و القاهرة (الإصدار 1). مصر: وزاره الثقافة و الإرشاد القومی(دارالکتب).
الحمیدی. (2008). جذوه المقتبس فی ذکر ولاة الأندلس (الإصدار 1). (بشارعواد معروف و محمد بشار عواد، المحرر) تونس: دار الغرب الاسلامیة.
ابن جبیر. (بلاسنه). تذکرة بالأخبار عن اتفاقات الأسفار (رحله ابن جبیر) (الإصدار 1). بیروت: دار صادر.
ابن خلدون. (2001). المقدمة (الإصدار 1). (خلیل شحادة، المحرر) بیروت: دارالفکر.
ابن خلدون. (2001). تاریخ ابن خلدون (الإصدار 1، المجلد 6). (سهیل زکار، المحرر) بیروت: دار الفکر.
المغربی ابن سعید . (1993). المغرب فی حلی المغرب، (الإصدار 4، المجلد 1). (شوقی چیف، المحرر) القاهره: دار المعارف.
ابن الخطیب. (2003). الإحاطه فی أخبار الغرناطه (الإصدار 1). بیروت: دار الکتب العلمیة.
الذهبی. (1985). سیرأعلام النبلاء (الإصدار 1، المجلد 23). (بشار عواد معروف و د.محیی هلال الرحان، المحرر) بیروت: مؤسسة الرسالة.
الذهبی. (2003). تاریخ الإسلام ووفیات و المشاهر و الأعلام (الإصدار 1). (بشار عواد، المحرر) بیروت: دار الغرب الإسلامی.
الذهبی. (بلا سنه). تذکرة الحفاظ (الإصدار 1، المجلد 4). بیروت: دارالکتب العلمیة.
السیوطی. (1965). بغیة الوعاة فی طبقات اللغویین و النحاة (الإصدار 1، المجلد 1). (محمد ابوالفضل ابراهیم، المحرر) صیدا-لبنان: مطبعة عیسی البابی الحلبی وشیرکاه.

ابن شداد. (1994). النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية (سيرة صلاح الدين الأيوبي) (الإصدار 2). (د.جمال الدين الشيال، المحرر) القاهرة: مكتبة الخانجي.
الشعراني. (2005). طبقات الكبرى (الإصدار 1). (أحمد عبدالرحيم سايح و توفيق على وهبه، المحرر) القاهره: مكتبه الثقافة الدينية.
أبي شامه. (2002). الذيل على الروضتين (الإصدار 1). (إبراهيم شمس الدين، المحرر) بيروت: دار الكتب العلمية.
الصدفي. (2000). الصدفي: الوافي بالوفيات (الإصدار 1، المجلد 7). (أحمد الأرناؤوط و تركى مصطفى، المحرر) بيروت: دار الإحياء التراث العربي.
ابن عذارى. (2013). البيان المغرب في أخبار الاندلس و المغرب (الإصدار 1، المجلد 3). (بشار عواد معروف و محمود بشار عواد، المحرر) تونس: دار الغرب الإسلامي.
إبن عربي. (1948). رسائل كتاب الاسفار عن نتائج الأصفار (الإصدار 1). حيدرآباد-هند: دائره المعارف العثمانية.
العسقلاني. (1972). الدرر الكامنه في أعيان المائة الثانية (الإصدار 2، المجلد 4). (محمد عبدالمعيدضان، المحرر) حيدراباد/الهند: مجلس دائره معارف العثمانية.
ابن الفرضي. (1989). تاريخ علماء الاندلس (الإصدار 2، المجلد 2). (إبراهيم الأبيارى، المحرر) القاهره: دارالكتاب المصرى.
ابن الفوطي. (2005). الحوادث الجامعة و تجارب النافعة (الإصدار 1). (د.بشار عواد معروف و د.عماد عبدالسلام رؤوف، المحرر) قم: انتشارات رشيد.
القلشقندى. (1919). صبحى الأعشى بصناعة الإنشاء (الإصدار 1، المجلد 14). القاهره: دارالكتب السلطانية.
إبن الكردبوس. (1971). تاريخ الأندلس (الإصدار 1). (د.محمد مختار العبادى، المحرر) مدريد: معهد دراسات الاسلامية.
ابن كثير. (1988). البداية و النهاية (الإصدار 1، المجلد 12). (محمد ابو ملحم و اخرون، المحرر) القاهرة: دار الريان للتراث.
ابن ماجة. (بلا سنه). سنن ابن ماجه بشرح السنيدى (الإصدار 1، المجلد 1). (الشيخ خليل مأمون شيحا، المحرر) بيروت: دار المعريفة.
ابن مريم. (1908). البستان فى ذكر الأولياء والعلماء بتلمسان (الإصدار 1). (محمد ابن ابى شنب، المحرر) الجزائر: المطبعة الثعالبية.
المراكشي. (1949). المعجب فى تلخيص أخبار المغرب (الإصدار 1). (محمد سعيدالعريان و محمد العربي العلمي، المحرر) القاهرة: مطبعهالاستقامة.
المراكشي. (2012). الذيل و التكمله لكتاب الموصل و الصله (الإصدار 1). (د.احسان عباس و د.محمد بن شريفه و بشار عواد معروف، المحرر) تونس: دار الغرب الاسلامي.
مسلم. أبو الحسن مسلم بن الحجاج القشيري (بلا سنه). المسند الصحيح المختصر(صحيح مسلم) (الإصدار 1، المجلد 4). (محمد فؤادعبدالباقي، المحرر) بيروت: داراحياء التراث العربي.
المقرى. (1968). نفح الطيب من غصن الأندلس الرطيب، (الإصدار 1، المجلد 2). (د.احسان عباس، المحرر) بيروت: دار صادر.
المقريزي. (1991). المقفى الكبير (الإصدار 1، المجلد 6). (محمد اليعلاوى، المحرر) بيروت: دار الغرب الاسلامي.
المنذرى. (1984). التكمله لوفيات النقله (الإصدار 3، المجلد 3). (د.بشار عوادمعروف، المحرر) بيروت: مؤسسة الرسالة.
ابن منظور. (بلاسنه). لسان العرب (الإصدار 1، المجلد 5). بيروت: مكتبة العلوم و الحكمة.
ابن واصل. (1957). مفرج الكروب فى أخبار بنى أيوب (الإصدار 1، المجلد 1). (د.جمال الدين شيال، المحرر) القاهرة: دار الكتب و الوثائق القومية.
ابن الوردى. (1997). تاريخ ابن الوردى (الإصدار 1، المجلد 2). بيروت: دارالكتب العلمية.

## ب. ژێدەرەکان (سەرچاوە نوێیەکان) بە زمانی عەرەبی

بالنثيا، أنخيل (1955). تاريخ الفكر الأندلسى (الإصدار 2). (حسين مؤنس، المحرر) القاهرة: مكتبة الثقافة الدينية.
البشرى، سعيد عبدالله. (1986). الحياه العلميه فى عصر ملوك الطوائف فى الأندلس. مكة المكرمة: قسم التاريخ الاسلامى، جامعه أم القرى.
بلاثيوس، آسين (بلا سنه). ابن عربى حياته و مذهبه (الإصدار 1). (عبدالرحمن البدوى، المترجمون) بيروت: دار القلم.
حتامله، د.محمد عبده. (2000). الأندلس التاريخ و الحضارة و المحنة (الإصدار 1). عمان: دائرة المكتبة الوطنية.
ذنون طه، د.عبدالواحد. (2005). الرحلات المتبادله بين الغرب الإسلامى و المشرق (الإصدار 1). بيروت: دارالمدارالإسلامى.
رستم، د.محمد بن زين العابدين. (2009). الكتب المشرقية و الأصول النادره فى الاندلس (الإصدار 1). بيروت: دار ابن حزم.
الزركلى، خيرالدين (2002). الأعلام (الإصدار 15). بيروت: دار العلم للملايين.
شاوش، محمد رمضان. (1995). باقة السوسان فى تعريف بحضارة تلمسان عاصمه بنى زيان (الإصدار 1). الجزائر: المؤسسة الوطنية للكتاب.
الشطشاط، على حسين (2001). نهاية الوجود العربى فى الأندلس (الإصدار 1). القاهرة: دار القباء.
الشوابكة، نوال عبدالرحمن. (2008). أدب الرحلات الأندلسيه و المغربيه حتى نهايه القرن التاسع الهجرى (الإصدار 1). عمان: دار المأمون للنشر و التوزيع.
الطوخى، أحمد محمد (1997). مظاهر الحضارة فى الأندلس فى عصر بنى الأحمر (الإصدار 1). اسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة.
عاشور، سعيد عبدالفتاح. (1996). الايوبيون و المماليك فى مصر والشام (الإصدار 1). القاهره: دار النهضة العربيه.
العامرى، د.محمد بشير و أريج كريم حمد العتابى. (2014). الحياة العلمية فى الثغور الشمالية (الإصدار 1). عمان: دار غيداء.
عباس، د.احسان (1978). تاريخ الأدب الاندلسى عصر سياده قرطبه (الإصدار 5). بيروت: دار الثقافة0
عباس، د.احسان (1997). تاريخ الأدب الأندلسى عصر الطوائف و المرابطين (الإصدار 2). عمان: دار الشروق.
عبدالباقى، محمد فؤاد . (1954). المعجم المفهرس القرآن الكريم (الإصدار 1). القاهرة: دار الكتب العلمية المصرية.
عبدالعزيز، محمد عادل. (1987). التربية الاسلامية فى المغرب أصولها المشرقية وتأثيراتها الأندلسية (الإصدار 1). القاهرة: الهيئة المصرية.
عنان،محمد عبدالله. (1997). دوله الاسلام فى الاندلس،. (الإصدار 4، المجلد 3). القاهرة: المكتبة الخانجى.
غنيمة، محمد عبدالرحيم. (1953). تاريخ الجامعات الاسلاميه الكبرى (الإصدار 1). تطوان: دار الطباعة المغربية.
فياض، د.عبدالله (1967). الاجازات العلمية عند المسلمين (الإصدار 1). بغداد: مطبعة الارشاد.
القرضاوى، يوسف. (1985). الرسول و العلم (الإصدار 3). بيروت: مؤسسة الرسالة.
كاشف، سيده اسماعيل. (1986). صلاح الدين الأيوبى بطل وحده الصف الاسلامى و بطل الجهاد فى سبيل الله (الإصدار 1). بيروت: عالم الكتاب.
هاملتون، السير (1996). الصلاح الدين الأيوبى (الإصدار 2). (يوسف ابيش، المترجمون) بيروت: ،بيسان للنشر .

## دووەم :سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

بەدلیسی،شەرەفخانی.(2010). شەرەفنامە (چ1) .(وەرگێڕانی/مامۆستا هەژار)تهران. پەخشنگای پانیز.
الصلابی، د.علی محمد. (2008). صەلاحەدینی ئەیوبی(چ1). (وەرگێڕانی/جمیل قادر) بیروت. دار الفکر.
الصیاد، فؤاد عبدالمعطی. (2008). مەغۆل لە مێژوودا (چ1). (وەرگێڕانی/نهاد جلال) سلێمانی. چاپخانەی روون.

الفلاحی، حامد حسین (2013). مێژووی ئەندەلوس لە ڕزگارکردنیەوە تا ڕووخانی غەرناتە، (چ1). (وەرگێڕانی/نجم الدین ملا محمد گلێجالی) هەولێر. ناریز بۆ چاپ و بلآوبوونەوە.
طقوش، محمد سوهیل. (2009). پوختەی مێژووی ئیسلامی(چ1). (وەرگێڕانی/نهاد جلال) بیروت.دارالفکر.
محمد امین، بورهان. (1999). تەفسیری ئاسان ،(چ1)، سلێمانی. کتێبخانەی ڕۆشنبیر.

### سێهەم : نامەی ئەکادیمی

احمد، بن خیره. (2010-211). دور المغاربة و الأندلسیین فی الحروب الصلبیة مابین القرنین الخامس و التاسع الهجریین. الجزائر: قسم التاریخ ،کلیة العلوم الانسانیة و الاجتماعیة،جامعة الجزائر.
زکری، لامعه. (2009-2010). الرحله العلمیة بین الأندلس والدولة المرینیة و دورها فی تمتین الصلات الثقافیة خلال القرنین( 7/9هـ- 13/15م ). تلمسان ، الجمهوریة الجزائریة: قسم التاریخ، کلیه العلوم الانسانیة و العلوم الاجتماعیة، جامعة أبی بکر بلیقاد.
قاسم، صادق. (2017-2018). العلاقات الثقافیة بین الاندلس و المشرق الاسلامی مابین القرنین الثالث و الخامس الهجریین(9-11م)من خلال کتب التراجم. الجمهوریة الجزائر: قسم تاریخ و الآثار/کلیة العلوم الانسانیة و العلوم الاسلامیة/ جامعة وهران.

### چوارەم :ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

أفرخاس , محمد و نادیه محمد صدیق . (بلاسنه). رحلات المغاربة الی المشرق. ندوة دبی. دبی.
السنیدی، عبدالعزیز بن راشد . (2005). المجاورون فی مکة و أثروهم فی الحیاة العلمیة. مکة المکرمة: ندوة مکة المکرمة.
سی عبدالقادر، د.عمر. (2016). التأثیرات الأندلسیة فی بلاد المشرق.مجلة الحوارالوسطی، العدد 13-14.
عبرید، د.نوری أحمد. (2013). التواصال المعریفی بین علماء الغرب الإسلامی وشرقه فی العصر المملوکی دوافعه-مظاهره . بحپ مقدم لأعمال المؤتمر الدولی الثانی للغة العربیة- المنعقد بدبی، .دبی.
کتوره، جورج. (1980). التصوف و المجتمع (العدد العاشر). باریس: مجلة الباحث، السنة الثانیة.
المزروع،د.وفاء عبدالله سلیمان. (2005). اسهام الرحالة و المجاورین الأندلسیین علی حیاة العلمیة بمکة المکرمة. مکة المکرمة: ندوة مکة المکرمة.